دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥١٦

www. kurdistanukurd.com

پێنج شەممە ١٥ی گەلاوێژی ١٣٨٨ ـ ٦ی ئاگوستی ٢٠٠٩ـ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



قەرەبووی شکست لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خەڵکدا!

سیاسی



رێبەرایەتیی گۆڕان

سیاسی



یەکەم جارە بەرژەوەندی نێونەتەوەیی و بەرژەوەندی کورد یەکیان گرتۆتەوە

کومەڵایەتی



فێر بووم لە سەرپێی خۆم راوەستم و لە سەختترین کاتەکانی ژیان دا خۆم نەدۆڕێنم

### لە ٣٠ ساڵەی شەری کوردستاندا

# با ٢٨ی گەلاوێژ بکەین بە رۆژی بەرگری و هاوپێوەندیی نەتەوەیی گەلی کورد

## ٢٨ی گەلاوێژ، رۆژی بەرگری و هاوپێوەندی

قادروریا

ئەمسالیش وەك ساڵی رابردوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەبەری ٢٨ی گەلاوێژ، بیرەوەریی راگەیەندرانی شەڕی هەموو لایەنە لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەوڵێکی بە مەبەستی پێکهێنانی کۆدەنگی و هاوهەڵوێستی و کاری هاوبەش لە نێوان حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەست پێ کردوە. قسەی ئەمساڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەمان قسەی ساڵی رابردوویە: رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، پێوەندیی بە هەر هەموو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و پێوەندیی بە سەرجەم خەڵکی کوردستانی ئێرانەوە هەیە. ئەم رۆژە لە مێژووی خەباتی حەقخوازانەی گەلەکەماندا جێگەی تایبەت بە خۆی هەیە. لەم رۆژەدا، رێژیمێك کە لە دوای سەرکەوتنی راپەڕینی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران هاتبووە سەرکار، نیازی راستەقینەی خۆی لە باری داواکانی خەڵکی کوردستان ئاشکرا کردو شەڕی لە دژی ئەم گەلە راگەیاند. خەڵکی کوردستان و لە پێشەوەی ئەوان هێزە خەباتگێڕەکانی ئەم گەلەش بڕیاری خۆیان راگەیاند: ئامادە نین چاوپۆشی لە مافە رەواکانیان بکەن و تەسلیمی هەڕەشەو لەشکرکێشیی رێژیمی تازە بن و لە بەرامبەر پەلاماری بەرینی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو رێژیمەدا رادەوەستن. بە کردەوەش گەلی کوردو هێزەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستان، لەو ساتەوە تا ئێستا بەرامبەر بەو رێژیمە راوەستاون و لە درێژەی پێداگریی لەسەر مافە رەواکانی خەڵکی کوردستاندا، قوربانییان داوە. کەوایە، رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ ئەگەر لە لایەکەوە رۆژی راگەیەندنی شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستانە، لە لایەکی دیکەوە رۆژی کۆڵنەدان و تەسلیم نەبوون و بەرگری و خۆڕاگریی گەلی کوردە. رۆژی هەڵوێست گرتنی مێژوویی و رۆژی نیشاندانی عەزم و ئیرادەی خەباتکارانەو شۆڕشگێڕانەی گەلێکە. رۆژی یەکیەتی و هاوپێوەندیی خەڵکێکە کە پشتئەستوور بە رەوایی داخوازەکان و مێژوویەك لە خەبات و هەوڵدان دژی بندەستیی نەتەوەیی و ستەم و زۆرداریی دەسەڵاتداران، بە هەموو توانایەوە لە بەرامبەر رێژیمێکی کۆنەپەرست و دیکتاتورو زۆرداردا راوەستا.

جیاوازییەك کە لە بیرەوەریی ئەمساڵی ئەم رۆژەدا هەیە ئەوەیە کە ٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٣٠ ساڵەی راگەیەندرانی شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستانە. لە هەلومەرجێکیشدا یادی شەڕی ٣٠ ساڵەی کوردستان دەکەینەوە کە ئەو بەرگری و بەرەنگارییەی خەڵکی کوردستان لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا بە شێوەی جۆراوجۆر لە دژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەیان بردوە، ئێستا هەموو ئێرانی تەنیوەتەوە. ئەگەر سەردەمانێك خەڵکی کوردستان لە ناگوتن بەو رێژیمەو لە هەڵگرتنی دروشمی رووخان و لە راوەستان لە بەرامبەر لەشکری زۆرو دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی دا،بە تەنیا بوون و، شەڕێکی نابەرامبەریان بەسەردا سەپا بوو، ئەمڕۆ بەرەنگاری لەگەڵ ئەو رێژیمەو راوەستان لە بەرامبەر هێزی زۆرو زەوەندی سەرکوتداو دانی دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتور، سەرانسەری ئێرانی گرتۆتەوەو یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی ئەو رێژیمە، بووە بە ویستی زۆرایەتیی خەڵکی ئێران.

ل ٤

## چاوپێکەوتنی ئەحمەد تورک و رەجەب تەییب ئەردۆغان بۆ چارەسەریی پرسی کورد




ئەحمەد تورك، سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیك و رەجەب تەییب ئەردۆغان سەرۆک وەزیری تورکیە بۆ باس لە سەر چۆنیەتیی چارەسەریی پرسی کورد لە تورکیە کۆدەبنەوە.

ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیە بڵاویان کردەوە کە لە کۆتایی ئەم حەوتوویەدا ئەحمەد تورك و ئەردۆغان لە پارلمانی تورکیەدا سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد کۆدەبنەوەو بڕیاریشە لە کۆبوونەوەکەدا عەبدوڵڵا گول سەرکۆمارو هەروەها وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دادو گەشە لە پارلمان دا بەشداری بکەن و لە لایەن پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیکیشەوە جگە لە ئەحمەد تورك، دوو ئەندام پارلمانی دیکەی ئەم حیزبە، ئامینە ئانیاو سەلاحەدین دەمیرتاش ئامادە دەبن.

لە لایەکی دیکەوە ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویان کردەوە کە رەجەب تەیب ئەردۆغان هەر چەشنە دانیشتن و دیالۆگێکی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان رەد کردۆتەوەو رایگەیاندوە کە تورکیە تەنیا ئامادەیە لەگەڵ پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیك دا دابنیشێ.

## حکوومەت نیزامی لە رێورەسمی سوێند خواردنی ئەحمەدی نژاد دا




رۆژی ١٤ی گەلاوێژ لە حاڵێکدا رێورەسمی سوێند خواردنی مەحموود ئەحمەدی نژاد لە مەجلیس بەڕێوەچوو کە حکوومەتی نیزامی لە دەرەوەی مەجلیس و ناوەندی شاری تاران زاڵ بوو و هیچ کەس بۆی نەبوو بە مەودای یەك کیلو میتر لە بینای مەجلیس نزیك بێتەوە. تەواوی دوکان و پاساژەکانی ناوەندی تاران بە فەرمانی هێزە ئەمنییەتییەکان داخران و شەقام و کۆڵانەکانی نێوان مەیدانی بەهارستان تا چوار رێی ئیستامبوڵ بە توندی کونترۆڵ کرابوو تا رێگە لە هەر چەشنە کۆبوونەوەیەکی نارزاییان لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان بگیرێ.

بەرادەیەك رێوشوێنی توندی ئەمنییەتی پێڕەو کرابوو کە دەرەتانی کۆبوونەوەی زیاتر لە دووکەس نەبوو. لە راستیدا هەرکەس لە مەیدانی بەهارستان راوەستابا دەستگیر دەکرا. هێزەکانی بەسیج نەیاندەهێشت خەڵك بچێتە مەیدانی بەهارستان، تەنیا ئەو وەک خۆی بێ ئیجازە دەدا کە لێیان دڵنیا بوون بۆ کاری ئیداری و رۆژانە دەچنە ئەوێ. چەند جارێك بۆ ماوەیەکی کورت گرووپێك کە بە زەحمەت خۆیان گەیاندبوو مەیدانی بەهارستان دەستیان بە دروشم دان و "اللەاکبر" وتن کرد کە بە توندی کەوتنە بەر پەلامار و لێدان. هێزەکانی بەسیج بە هیچ کەسیان رەحم نەدەکرد و تەنانەت منداڵان، پیاوان و ژنانی پیرو پەککەوتەشیان دەدایە بەر باتۆم. لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر بریندار بوون. دەیان کەس دەستگیر کران و بۆ شوێنی نادیار گواسترانەوە. ژمارەیەك کچ و کوڕی گەنج کە خەریکی وێنە هەڵگرتنەوە بوون لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە شناسایی کران و وێڕای لێدان و کوتانێکی زۆر و گرتنی موبایلەکانیان، دەستگیر کران.

زۆرترین هێزی ئینتزامی و گاردی دژە شۆڕش لە دەوروبەری مەجلیس ئامادە بوون بەڵام بە هەزاران کەسیش لە هێزەکانی بەسیج بە یونیفۆرمی وەك یەك لە شەقامەکانی دەوروبەر، بە ئامادەییەکی تەواوەوە شاری تارانیان کۆنترۆڵ کردبوو. هێزەکانی لیباس شەخسی و گۆپاڵ بەدەست بە موتۆڕسیکلێت گەنجانیان شناسایی و دەستگیر دەکرد.

لە رۆژی سوێند خواردنی ئەحمەدی نژاددا خەڵکێکی زۆر دەستگیر کران کە تا ئامادە کردنی ئەم هەواڵە ژمارەیان نەزانراوە.

# پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان



**بەرێز جەنابی مەسعوود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان!**

وێڕای رێزو سڵاوی گەرم!

بە بۆنەی هەڵبژێرانەوەی جەنابتان بە سەرۆکی هەرێم و سەرکەوتنی لیستی کوردستانی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی جوولایدا، بە گەرمی پیرۆزبایی لە بەرێزتان و لە رێگەی ئێوەشەوە لە پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەین. هیوادارین دەنگی متمانەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە بەرێزتان، لە جاران زیاتر هاندەری جەنابت بێ بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان و جێبەجێکردنی ئەرکی قورسی سەرشانت کە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغە هەستیارەدایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین لە بەرێوەچوونی سەرکەوتووانەی پروسەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم و پارلمانی کوردستان، بۆ بەرێزتان و نوێنەرانی تازەی پارلمان، سەرکەوتن لە ئەرکەکانیان دا بە ئاوات دەخوازێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**١٣٨٨/٥/١٤**

**٢٠٠٩/٨/٥**



**بەرێز جەنابی مام جەلال**

**سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!**

بە سڵاوێکی گەرمەوە

بەبۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی جولای هەرێمی کوردستان‌و، سەرکەوتنی لیستی کوردستانی لەم هەڵبژاردنەدا، پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکەش بە بەرێزتان‌و لە رێگای جەنابیشتانەوە پێشکەش بە یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان‌و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەین.

ئێمە ئەزموونی دێموکراسی‌و دەسەڵاتدارەتیی کورد لە هەرێمی کوردستان بەرز دەنرخێنین‌و هیوادارین دەسکەوتەکانی ئەم ئەزموونە هاندەرو یارمەتیدەری پرۆسەی دێموکراسی‌و پێکەوە ژیانی بە ئاشتی‌و چارەسەری کێشەی نەتەوەکەمان لە عێراق‌و هەموو بەشەکانی کوردستان بێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**٢٠٠٩/٨/٥**

**١٣٨٨/٥/١٤**

پەیام:

# به بۆنەی ٢٥ی جولای

## "ڕۆژی هەنگاونان بە مەبەستی داکۆکی لە مافە مرۆییەکانی خەڵکی ئێرانەوە"

**بەشدارانی مانگرتنەکانی نیۆیۆرک، بێرلین و ڤییەن!**
**هاونیشتمانانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات!**
**کەسایەتییە مرۆڤدۆستەکانی جیهانو ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ!**

مانگرتنی سێ ڕۆژەی ئێوە کۆمەڵێک ڕووناکبیر، نووسەرو هونەرمەندی ئێرانی لە بەردەرکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیویۆرکو لەشارەکانی بێرلینو ڤییەن بەمەبەستی پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی هاونیشتمانان لە نێو خۆی ئێرانو، بەشداریی بەرینی ئێوە هاونیشتمانانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات لە ڕێپێوانو کۆبوونەوە بە دژی سەرکوتی خەڵکی ئێران، هەروەها پشتیوانیی ئێوە کەسایەتییە ئازادیخوازو مرۆڤدۆستەکانی جیهانو ڕێکخراوە ناوچەیی‌وجیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە چالاکییەکانی ڕۆژی٢٥ی جولای، شەپۆلێک لە هاوپێوەندیی جیهانی لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران وەڕێ خستوە. بە هۆی ئیبتکاری ئێوە لە وەڕیخستنی ڕۆژی جیهانیی هەنگاونان بۆ داکۆکی لە مافە مرۆییەکانی خەڵکی ئێران، سەرنجی خەڵکی جیهان بۆ لای سەرکوتی دڕندانەی خەڵکی لە دیکتاتۆری‌و کودیتا ڕاپەڕیوی ئێران، ڕاکێشراوە. بە هەوڵی هەمووی ئێوە دنیا تا ڕادەیەک لە گیرانو بێ سەروشوێنکرانی هەزاران کەس لە هاونیشتمانانو کوژرانی کوڕانو کچانی ئازادیخوازی ئێران لە کاتی خۆپێشاندانی هێمنانە یا لە بەندیخانەو لە ژێر ئەشکەنجەدا، ئاگادار بۆتەوە.بە هیممەتی ئێوە، ویستو داخوازە ڕەواو بە پەلەکانی میلیۆنان خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران لە پێوەندی لە گەڵ ئەرکی دەوڵەتانو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەرامبەر بە دەوڵەتی کودیتادا، لە بارەی پێویستیی ئازاد کرانی گیراوەکانو بەندییە سیاسییەکان، ڕاگیرانی سەرکوتو پەلامارو ئەشکەنجە، هەڵوەشانەوەی تاقمە سەرکوتکەرەکانی سەر بەسوپای پاسدارانو بەیتی ڕەهبەری، لاچوونی سانسۆرو کۆسپەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانی میدیای ئازاد، پێویستیی ڕەوانە کردنی نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ئێرانو لە سەرووی هەمووی ئەمانەشەوە، پێویستیی پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە خەباتی هێمنانەی خەڵکی ئێران لە دژی دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی، بە گوێی دەوڵەتانو کۆروکۆمەڵە نێونەتەوەیی یەکان گەیشتوە.ئێستا لە سەر دەوڵەتانو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی یە لەم هەلومەرجە چارەنووسسازە دا کە بزووتنەوەی دێمۆکراسیخوازیی خەڵکی ئێران پێی دا تێپەر دەبێ، ئەرکی خۆیان بە جێ بگەیەننو پشتی داخوازەکانی ئەوان بگرن بۆ ئەوەی تاقمێک دەسەڵاتداری سەرەڕۆو کودیتاچی، چی دیکە نەتوانن ئیرادەی گشتیی خەڵکی وڵاتی خۆیانو، ڕێوشوێنو پرەنسیپە پەسەند کراوەکانی جیهان بە گاڵتە بگرن.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆی لە تێکۆشانی ئێوە هاونیشتمانانی ئێرانیی دەورەوەی وڵات بە مەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە خەباتی خەڵکی ئێران دووپات دەکاتەوەو ڕێزو سوپاسی خۆی بە هەموو ئەوانەی دەنگی خۆیان تێکەڵ بە دەنگی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران کردوە ڕادەگەیەنێ. سەرنجی ئێوە هاونیشتمانانی ئێرانی‌و کەسایەتی‌و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان لە ڕۆژی جیهانیی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئێران بۆ لای ئەم مەسەلەیە ڕادەکێشین کە هەر ئێستا لە کوردستانی ئێران، بە دوای مانگرتنی گشتیی خەڵک لە ٢٢ی پووشپەڕ، بیستەمینساڵڕۆژی تیرۆری ڕێبەری دێمۆکرات‌و ئازادیخوازی خەڵکی کوردستان، دوکتور عەبدولرحمان قاسملوو دا، شەپۆلێکی تازە لە گرتنو ئازارو ئەزیەتی خەڵک دەستی پێ کردوە. بە دەیان کەس لە کاسبکاران،بازارییەکانو چالاکانی سیاسی‌و مەدەنی گیراون. حیزبی ئێمەو خەڵکی کوردستان کە پێشڕەوەی خەبات بۆ ئازادی‌و دێمۆکراسی‌و بەربەرەکانی لەگەڵ دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامین، چاوەڕوانییان لە ئێوە ئەوەیە، وەستاندنی سەرکوت‌و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێرانو، پێویستیی وەگەڕخستنی پەروەندەی تیرۆری دکتور قاسملوو بخەنە ریزی داواکانتان.

ئێمە بۆ هەوڵەکانی ئێوە لە ڕاکێشانی پشتیوانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران دا و، هەروەها بۆ خەڵکی ئێران لە خەبات بە دژی دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی دا سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازین.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێمۆکراتی کوردستان**
**٢٠٠٩/٧/٢٥ی زایینی**
**٣ی گەلاوێژی ١٣٨٨ ی هەتاوی**

# یادی ١ ساڵەی مەرگی هونەرمەند سمایل سەردەشتی



کاتژمێر ٥ ی ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١٠ ی گەلاوێژ، لە سەر ئەرکی کۆمەڵێک لە دۆستان و هاوڕێیانی هونەرمەندی کۆچکردوو، سمایل سەردەشتی، یادی ١ ساڵەی کۆچی ناوەختی ئەو هونەرمەندە مەزن و نیشتمانپەروەر و خەڵکییە لە هۆڵی بۆنەکانی شاری ڕانیەی باشووری کوردستان کرایەوە.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمە بەشکۆیەدا و پاش دەقیقەیەک وەستان بە بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یاد و گیانی هونەرمەند سمایل سەردەشتی، قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووانی کۆڕەکە کرد.

قادر وریا وێرای دەربڕینی داخ و کەسەر بۆ مەرگی ناوەختی هونەرمەند سمایل سەردەشتی ئاماژەی بەوە کرد کە چۆن مەرگی کتوپڕی کاک سمایل هەموو کوردستانی لە چرکە ساتێک دا هەژاند. بەڕیزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا باسی لایەنی نیشتمانپەروەریی بنەماڵەی هونەرمەند سمایل سەردەشتی کرد و ئەوەی بیر هێنایەوە کە بنەماڵەی هونەرمەند سمایل سەردەشتی دوو شەهیدی پێشکەشی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کردوەو بۆ خۆشی لە پێناو بیرو باوەری ئازادیخوازانە و نیشتمانپەروەریی خۆی دا بە ناچار لە زێد و وڵاتەکەی وەدەرنرا و دوور لە زێد و بنەماڵەکەی سەری نایەوە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەها ئاماژەی بە نێوەرۆکی گۆرانییەکانی هونەرمەند سمایل سەردەشتی کرد و بەرهەمە هونەرییەکانی ناوبراوی بە سەر سێ تەوەری نیشتمانی، عاشقانە و کۆمەڵایەتی دا دابەش کرد و بەشداریی بەرینی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستانی هەر لە سیاسەتڤان و هونەرمەندان و بەرپرسانی حیزبی و حکوومی لە پرسە ی ماتەمینیی هونەرمەند سمایل سەردەشتی دا وەبیر هێنایەوە و ئەوەی بۆ خۆشەویستی و پێگەی بەرزی کاک سمایل گەڕاندەوە کە لە سۆنگەی گۆرانی و سروودە نیشتمانییەکانییەوە وەدەستی هێنابوو. چەند برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمە بریتی بوون لە:

پەیامی تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان،

فیلمێکی دیکۆمێنتی لە ژیانی هونەریی هونەرمەند سمایل سەردەشتی کە لە لایەن لیژنەی بەڕێوەبەری ڕێورەسمەکەوە ئامادە کرابوو،

خوێندنەوە چەند برووسکەیەکی تایبەت بەو بۆنەویەوە،

خوێندنەوەی پەخشانێک لە لایەن مامۆستا بێبەش،

خوێندنەوەی هۆنراوەیەک لە لایەن ئەنوەر ئاغا،

خوێندنەوەی شێعرێک لە لایەن هەستیار قەڵەندەر،

خوێندنەوەی هۆنراوەیەک لە لایەن بەرهەم شەمامی،

خوێندنەوەی شێعرێ شاعیران کارزان قەلادزەیی و جەنگی قەڵاوەیی.

# چالاکیی تەبلیغی لە پێشوازی هاتنی ٢٥ی گەلاوێژدا

ئەندامانی سەر بە ڕێکخستنی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان بۆ پشتیوانی لە وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی و هەروەها بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە بۆکانەوە شەوی ١٠ی گەلاوێژ بە بۆنەی پشتیوانی لە کەمپەینی وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هەروها بە بۆنەی نزیک بوونەوە لە ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەندامانی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستیان دایە چالاکیی تەبلیغی. لەو چالاکییەدا بە هەزاران وێنەی شەهید دوکتور قاسملوو و ئارم و تراکتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاو کرایەوە. هەروەها لە کردەوەیەکی بوێرانەدا لە سەر بورجی موخابراتەکان و سەر دەرگای قوتابخانەکانی ئەو گوندانە ئاڵای کوردستان هەڵ کرا.

ئەو گوندانەی کە چالاکییان تێدا کراوە بریتین لە گوندەکانی : شیناوا، عەسکەراباد، گامێشگۆلی، قەڵا، گوێگجەلی، ڕەحیم خان، ئەرمەنی بڵاغی، کوورەخانەکانی ساروقامیش و برایم ئاباد.

شایانی باسە کە چەند ڕۆژ دواتر جاشەکانی پایەگای سەرچنار بە مەبەستی لێکردنەوەی تراکت و پۆستێرەکان بە ناوچەکە وەربوون.

# بریندار بوونی کاسبکارێك لە سەر سنووری نەوسوود

ڕۆژی دووشەممە ١٢ی گەلاوێژ لە سەر سنووری نەوسوود کاسبکارێک بە ناوی شەهرام شوکری کەوتە بەر هێرشی هێزەکانی ڕێژیم و بە توندی بریندار کرا.

بە پێی هەواڵێک کە لە شاری نەوسوودوە بە کوردستان و کورد نیوز گەیشتووە ڕۆژی دووشەممە هێزەکانی ڕێژیم لە سەر سنووری نەوسوود هێرشیان کردە سەر کاسبکارانی ئەو ناوچەیە و لە ئاکامی تەقەی هێزەکانی ڕێژیمدا کاسبکارێک بە ناوی شەهرام شوکری، کوڕی توفیق خەڵکی ئاوایی " شووشمێ" بە توندی بریندار بوو. پاش بریندار بوونی نابراو هێزەکانی سپای پاسداران پێشگیرییان لە بردنی بریندارەکە بۆ نەخۆشخانەی نەوسوود کرد، هەر بۆیەش کەسوکارەکەی بە ناچاری شەهرامی برینداریان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی " تەوێڵە" لە باشووری کوردستان.

شایانی باسە کە ماوەیەک لەو پێش باوکی‌شەهرام شوکری، بە ناوی تەوفیق کەوتە سەر مینی چێندراوی سپای پاسداران و هەر بەم هۆیەشەوە گیانی لە دەست دا.

# مەسعوود کورد پوور لە زیندان ئازاد کرا



مەسعوود کوردپوور، ڕۆژنامەنووس و چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ ڕۆژی دووشەممە ١٢ی گەلاوێژ پاش یەک ساڵ لە زیندان ئازاد کرا.

مەسعوود کوردپوور، لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ڕابردوودا بە تۆمەتی چالاکی دژی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە لە بۆکان دەستگیر کراو لە لایەن دادگای ئینقلابی شاری مهابادەوە یەک ساڵ سزای زیندانی بە سەردا سەپا.

مەسعوود کوردپوور ئەم یەک ساڵە زیندانەی لە زیندانی شارەکانی بۆکان، مەهاباد و ورمێ دا تێپەڕ کردوە.

جێی ئاماژەیە کوردپوور پێشتر لە پرۆسەی ناڕەزایەتی دەربڕینی مامۆستایانی قوتابخانەکان دا بە تۆمەتی هاندانی مامۆستایان بۆ مانگرتن بۆ شاری تیکاب دوور خرابۆوە.

# کوژرانی لاوێکی سەردەشتی بە دەستی فەرماندەی گوردانی بێوران

ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە،١٣٨٨/٥/٨ ئەنوەری ئیقبالی، خەڵکی شاری سەقز لە کاتی لێخوڕینی ماشێنەکەی لە نیزیک شاری مەریوان دا لە لایەن هێزە ئینیزامییەکانی ڕێژیمەوە تەقەی لێ کراو کوژرا. ناوبراو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی بە ماشێن کاری هێنان و بردنی بار و شتومەکی لە شارەکانی سەر سنوور دەکرد. شایانی باسە کە ڕۆژ نییە هێزە بە ناو ئەمنییەتی و ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و بە تایبەت لە ناوچە سنوورییەکان خەڵکی کاسبکاری کورد بە بێ بیانوو نەدەنە بەر دەسرێژی گوللە وگیانیان لێ نەستێنن.

# کۆتایی هاتنی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان





کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێوارەی ڕۆژی چوراشەممە، ٧ی گەلاوێژی ٨٨ پاش سێ ڕۆژ کار و چالاکی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

مەنسوور سەممار، سکرتێری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوان لە لێدوانێکی کورت بۆ کوردستان و کورد نیوز دا ڕایگەیاند کە سەرجەم کارو بەرنامەکانی کۆنگرەی پێنجەم لە کەش و هەوایەکی کراوەو دێموکراتیک دا بەڕێوە چوون.

هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی سیاسی، هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی کارو چالاکیی یەکیەتیی لاوان لە نێوان کۆنگرەی ٤ تا ٥، هەڵسەنگاندنی کارو چالاکیی لاوان لە دەرەوەی وڵات، لێکدانەوەو تاوتوێکردنی بەرنامەو ئەساسنامەی لاوان و دەسکاری لە نێوەرۆک و بەندەکانی ئەساسنامەی لاواندا و دانانی جەلەسەی ڕەخنەو پێشنیار و ساغبوونەوە لە سەر کۆمەڵە بڕیارێک، بەشێک لە کاروبەرنامەی کۆنگرەی پێنجەمی لاوان بوون کە دوای باس و هەڵسەنگاندیان بڕیاری پەسەندکرانیان لە سەر دراوە.

بەشێکی دیکە لە کاری کۆنگرە هەڵبژاردنی بەڕێوە بەرایەتیی نوێ بۆ یەکیەتیی لاوان بوو کە لەم بەشەش دا ١١ کەس وەک بەڕێوەبەریی نوێ هەڵبژێردران . شایانی باسە کە دوو کەس لەو ١١کەسە بۆ دەرەوی وڵات دیاری کراون تا کۆنفراسە گشتی‌یەکانی یەکیەتی لاوان لە دەرەوەی وڵات لە لایەن ئەوانەوە بەڕێوە بچێ.

### راگەیەندراو:

# پەلامار بۆ سەر دانیشتووانی کەمپی ئەشرەف مەحکووم دەکەین

به پێی ئەو هەواڵ و راپۆرتانەی راگەیەنـــــەکانی جیهـــــان و سەرچـــاوەکانی رێکخـــراوی موجاهیدنی گـەلی ئێران، بڵاویان کردۆتـەوە، لـە دوانیـوەڕۆی سـێ شـــەممه ٦ی گەلاوێـــژەوە، دانیشتووانی کەمپی ئەشرەف کە سەر بەو رێکخراوەن، کەوتوونەتە بەر پەلاماری هێزەکانی پۆلیسی عێراق. لەگەڵ هێزەکانی پۆلیسی عێراقدا ژمارەیـەکی زۆر کەسانی گۆپاڵبەدەسـت چـوونەتە نێـو کەمپەکـەو دانیشـتووانی کـەمپی ناوبراویـان داوەتـە بـەر هێـرش. پـەلاماردەران داوای چـۆڵکردنی ئـــەو کەمپـــەو رۆیشـــتنی موجاهیدەکان لە عێراق دەکـەن. بە هـۆی ئـەم پـەلامارەوە، چـەند کەسـێك لـە دانیشـتووانی کـەمپ کوژراون، زیاتر لە دووسەد کـەس



برینـــدارن و ژمارەیـــەکیش بـــە بارمتـــە گـیراون. بــە دوای ئــەم پـەلامارەدا، دانیشـتووانی کـەمپ مانیـان لـە خـواردن گرتـوەو داوا دەکـــەن: ١ـــ هەرچـــی زووتـــر پۆلیســـی عێـــراق و ســـەرجەم پـــەلاماردەران، کەمپەکـە بـەجێ بێڵن ٢ـ بارمتەکان ئازاد بکرێن ٣ـ کـۆنترۆڵی ئـەم کەمپـە بکەوێتـە دەست هێزەکانی ئەمریکا.

شـایانی وەبـیر هێنانەوەیـە کـە کـــەمپی ئەشـــرەف لــــە ســـاڵی ٢٠٠٣وە کـــە ئـــەمریکا هێرشـــی کـردە سـەر عێـراق، کەوتـە ژێـر چاوەدێریی هێزەکـانی ئـەمریکاو، لـــە کۆتـــایی هـــاوینی ٢٠٠٨وە کۆنترۆڵی ئـەم کەمپـە دراوەتـەوە بـە دەوڵـەتی عێـراق. زیـاتر لـە سـاڵێکە دانیشـتووانی بێـدیفاعی ئەو کەمپە چاوەڕوانن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتـە پێوەندیدارەکان رێگەچارەیەك بۆ کێشـەی ئـەوان بدۆزنـەوە. لـەم ماوەیـــەدا، دانیشـــتووانی ئـــەم کەمپـە چـەندین جـار لـە لایـەن کاربەدەســـتانی پایەبـــەرزەوە، هەڕەشەی موحاکمـەو دەرکـردن لــــە عێــــراق و تەنانــــەت تەحویلدانــــەوە بــــە رێــــژیمی ئێرانیان لێ کراوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، پـەلامار بـۆ سـەر دانیشـتووانی بێـدیفاعی کـەمپی ئەشـرەف و کوشـــتن و لێـــدان و بـــە بارمتـەگرتنی ئـەوان لـە لایـەن پەلاماردەرانـــەوە، مـــەحکووم دەکـاو، ئـەم جـۆرە کـردەوەو رەفتارانە لەگەڵ کۆمەڵێك مرۆڤی سیاسیی پەنابەر بە پێچەوانەی نێـــوەڕۆکی کۆنوانســـیۆن و رێوشـوێنە نێونەتـەوەیی‌یـەکان دەزانـــێ. ئێمـــە داوا دەکـــەین پـــەلامارو فشـــار بـــۆ ســـەر دانیشتووانی ئەو کەمپە دەست بەجێ رابگیرێ، بارمتەکان ئازاد بکـرێن و، رێگـا بـە رێکخـراوە مرۆڤدۆسـتەکان و میـدیاکانی جیهـان بـدرێ سـەردانی ئـەم کەمپە بکەن. پێویستە دەوڵـەتی عێـراق و، هێزەکـانی ئـەمریکا بەرپرســـیایەتییە سیاســـی، ئـەخلاقی و مرۆییـەکانی خۆیـان لـە پێوەنـدی لەگـەڵ هـەزاران کەس لە دانیشـتووانی بێـدیفاعی ئـەم کەمپـەدا، لـە بـیر بـێ و نەهێڵن گیـان و ئەمنییـەتی ئەو کەسانە بەم جۆرە پەلامارانە، یا بـــە هـــۆی تەحویلدانـــەوەی زۆرەملـێ بـە ئێـران، بکەوێتـە مەترسی.

هـــەر لـــەو کاتـــەدا داوا لـــە رێکخـــــراوی نەتـــــەوە یـــەکگرتووەکان و دەوڵەتـــە پێوەندیـــدارەکان دەکـــەین رێگاچـــارەیەك بـــۆ پاراســـتنی ئەمنییـــەتی دانیشـــتووانی ئـــەم کەمپـــە، بدۆزنـــەوەو، پـــیلان و فشـارەکانی رێـژیمی ئێـران لـە دژی دانیشـــتووانی کـــەمپی ناوبراو، پووچەڵ بکەنەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٠٠٩/٧/٢٩**
**١٣٨٨/٥/٧**

# ناڕەزایەتیی خەڵك و ململانێیەکانی نێو دەسەڵات

✍ : عەبدوڵلا بەهرامی

هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سـەرکۆماری ئەگـەر لـە لایـەك دەرفـەتێکی دیکـەی لێ کەوتـەوە کـە خـەڵك لـە رێگـای ئـەوەوە ویسـتەکانیان بـەرەوپێش بـەرن یان باشتر بڵێین دەرفەتێك بوو بۆ دەنگـی خـەڵك کـە بـە داخـەوە کودیتـای لێ کـرا، لـە لایـەکی دیکـــەوە هـــەلێکیش بـــوو بـــۆ دەرکەوتنی زیاتری ململانێیەکانی نێـو قـۆڵ و دەسـتەو تاقمـەکانی نێـــو دەســـەڵات. ئەگـــەر ململانێیەکانی بـەر لـە هەڵبـژاردن دەرفەتێك بـوون بـۆ هاتنـە ئارای داخوازییـــە پـــەنگخواردوەکانی خـــەڵکی ئێـــران، هـــەر ئـــەم ململانێیـەش دەرفـەتێك بـوو بـۆ ئەوەی دژبەرانی قۆڵی پاوانخوازو کۆنـەپارێز لـەودا دەنگـی خۆیـان هـــەڵبڕن و لـــە گۆڕەپـــانی ململانێیەکـــەدا دەرکـــەون. ئامـادەیی ئـەم دوو فـاکتۆرە لـە قۆنـــاغی دواتـــردا، واتـــە دوای ئـــەوەی قـــۆڵی دەســـەڵاتدارو کۆنەپارێز بە دڵنیابوون لـەوە کە دۆڕاوی هەڵبژاردنەکەیە کودیتـای لـە دەنگـی خـەڵك کـرد، بـە شێوەیەکی دیکەو ئەمجارەشیان بـە پێوەندییـــەکی دوو لایەنـــەی زیاترەوە بـەدی کرایـەوە. ئەگـەر فاکتۆری یەکەم لەم قۆناخـەیاندا دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵك بێ کـە لە خۆپیشاندانە ناڕەزایەتییانـەی سـەدان هـەزار کەسـیدا خـۆی دەردەخست، فاکتۆری دووەمیش دژبـەرانی نێـو سیسـتم بـوون کـە ئـەوانیش لـەم قۆناخـەدا وێـڕای ئـــەوەی کـــە یەکگرتوویـــەکی زۆرتریـــان هـــەبووە، تـــا دێ راشـــکاوانەترو پێداگرانـــەتر روانگـەکانیان دەخەنـە روو و بـە پشـت بەسـتن بـەو ناڕەزایەتییـە بەرینەی لە نێو خەڵکدا هەیە لـە گۆڕەپـــانی ململانێیەکـــەدا ماونەتـەوە. لەمبارەیـەوە خـاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە بەشێك لە ناڕازییان و ململانێکارانی نێـو دەسەڵاتیش کە نـاکرێ لـە ریزی رێبـەرانی خـەڵکی نـاڕازی لـە ئاکامـــــەکانی هەڵبـــــژاردن‌دا حیسـابیان بـۆ بکـرێ، بـە کـەڵك وەرگـرتن لـەم کەشـەی دروسـت بـووە هاتوونەتـە مەیـدان. ئـەوان لەگەڵ ئەوە کـە لـە چوارچێوەی ئامانجـــــەکانی خۆیـــــان‌دا پشـــتیوانییان لـــە ناڕەزایـــەتیی خەڵك کردوە، تەنانەت رەخنەیان لـــە سیاســـەتی ســـەرکوتی ناڕەزاییان گرتوەو داوای ئازادیی بەندییە سیاسییەکانیان کردوە.

لـــە پێوەنـــدیی لەگـــەڵ دەرکەوتنی ئەم تیپە لە ناڕازییان و ململانێکارانی نێـو دەسـەڵاتدا دەتـــوانین ئامـــاژە بـــە هەڵوێستەکانی شووڕای نیگابـان و شـــووڕای دیـــاریکردنی بەرژەوەندەکانی نیزامی کۆمـاری ئیسلامی بکـەین کە رەفسـەنجانی ســـەرۆکایەتییان دەکـــا. گـــەورەترین دەرکـــەوتنی رەفسـەنجانی وەك رکەبـەرێکی بەنفووزی نێو دەزگای دەسـەڵات لە نوێژی هەینیی ٢٦ی پووشـپەڕ بـوو، کـە لـەودا سـەدان هـەزار کەس لە ناڕازییان لە ئاکامـەکانی هەڵبـــژاردن و مووســـەوی و کەڕووبی بەشدار بوون.

ئەگـەر لە روانگـەی پێوەنـدیی دوو لایەنـەی فـاکتۆری خـەڵکی ناڕازی و فاکتۆری قـۆڵی دژبـەری نێـو دەسـەڵاتەوە لـەم رووداوە بڕوانین بـەو ئاکامە دەگـەین کە خەڵکی ناڕازییش توانیویانە لـەو هەلانـــەی ململانێکـــارانی نێـــو دەسـەڵات خوڵقاندوویانـە کـەڵکی پێویست وەرگرن. لەم دەرفەتـەدا لە تـاران خـەڵکی نـاڕازی توانیـان دوای ســـەرکوتی خوێنـــاویی کۆتاییـــەکانی جـــۆزەردان و



سەرەتای پووشپەڕ جارێکی دیکە بێنـەوە سـەر شـەقامەکان و بـەم چەشـنە ئـەم خەیاڵـەی دەزگـای سـەرکوت بڕەوێننـەوە کـە پێیـان وایە بە نیزامی کردنی شارەکان توانیویانـــــە بزووتنـــــەوەی ناڕەزایـــەتی و گۆڕانخوازانـــەی خەڵك سەرکوت بکەن.

ئـــەوە کـــە ئامانجـــە سەرەکییەکانی خـەڵکی ناڕازی و کاندیـــداتۆرەکانی ســـەرکۆماری (مووســـەوی و کـەڕووبی) لەگـەڵ ئامانجـەکانی ململانێکـارانی نێـو دەسەڵات چەندە یـەك دەگرنـەوە زۆر روون نیـــەو رەنگـــە لـــەم قۆناخـــەشدا زۆر گـــرنگ نـــەبێ. چـــونکە ئـــەوەی ئێســـتا دەبـــێ گرنگیـــی پـــێ بـــدرێ کـــەڵك وەرگرتنی بزاڤـی ناڕەزایەتییانـەو گۆڕانخوازانـەی خەڵکـە لـە هـەر کـەلێن و کەلەبـەرێك کـە لـە نێـو پێکهاتـــەی دەســـەڵاتدا بـــەدی دەکـرێ. ئـەگینا لـە قۆناخـەکانی داهاتوودا ئەوە کۆمەڵانی خـەڵکن کـە وەك هێزێکـی بـەرین و لـەبن نەهاتووی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی رەوتـی ئاڵوگۆڕەکـان و ئاسـتی ئامانجـە سیاسـییەکان دیـاری دەکەن. روانینێکی ورد لە بەشێك لـە دروشمـەکانی خـەڵکی نـاڕازی دەتوانێ تەمی نیگەرانیی هەتـەڵە کردنـــی ویســـت و ئامانجـــە گۆڕانخوازەکـانی خـەڵك لەلایـەن هـەر کـەس و لایـەنێك و بـە هـەر مەبەستێك بڕەوێنێتەوە.

کەواتە لە هەلومەرجی ئێستادا ئـــەوەی گرنگـــەو بـــە روونـــیش هەســت پــێ کــراوە ئەوەیــە کــە پێوەنـــدیی دوولایەنـــەی بزاڤـــی ناڕازییانەی خەڵك و ململانێکارانی نێو دەسەڵات بە تەواوی بە زیانی خامنـەیی وەك رێبـەری نیزامـی ئیسلامی و قۆڵەکـەی واتـە قـۆڵی پـــاوانخواز شـــکاوەتەوە. بـــە چەشنێك کە وردە وردە ناچاریان دەکا بە شێوەیەکی هەست پـێ کراوتر بکەونە وێزەی رکەبەرانی نێـــو دەســـەڵات. رەنگـــە پەرچەکرداری ئاشکرای خامنـەیی لە بەرانبـەر قسـەکانی خوتبـەی نوێژی هەینیی رابردووی زانکـۆی تـــــارانی رەفســـــەنجانی‌دا نموونەیەکی باش بێ کە نیشانەی توندتر بوونی ململانێیەکانی نێو دەسەڵاتە. خامنـەیی لـە وەڵامـی قســـەکانی نوێـــژی هـــەینیی رەفسەنجانی‌دا کە گوتبووی وڵات لـە قـەیران دایـەو رێـژیم دەبـێ جارێکی دیکـە متمانـەی خـەڵك راکێشـێ، گوتوویـەتی: ئەوانـەی درێـــژە بـــە ناڕەزایـــەتی دژی ئاکامـــەکانی هەڵبـــژاردن بـــدەن "هەڵدەدێردرێن".

**ئەوە کۆمەڵانی خەڵکن کە وەك هێزێکی بەرین و لەبن نەهاتووی کۆمەڵایەتی و سیاسی رەوتی ئاڵوگۆڕەکان و ئاستی ئامانجە سیاسییەکان دیاری دەکەن**

# قەرەبووی شکست لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خەڵکدا!

**"ئەم جۆرە موحاکەمە کردنانە لە راستی‌دا بێ ڕێزی بە شعووری نەتەوەیەکە کە پێگەیشتوویی سیاسیی خۆی بە ڕێپێوانی میلیۆنیی هێمنانە نیشان داوە" شیرین عیبادی، وەرگری خەڵاتی ئاشتیی نوبێل**

✍: ب . هیوا

لە بەرەبەری تەنفیزی حوکمی سەرکۆماری لە لایەن خامەنەیی‌یە و، سوێندخواردنی ئەحمەدی نەژاددا، دەسەڵاتدارانی کودێتاچی، شانۆی دادگاییکردنی ریفۆرمخوازان و بڵاوکردنەوەی دانپێدانانەکانی ئەوان لە تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتییان‌دا، وەڕێ خست.

کاتێك باندی خامەنەیی - ئەحمەدی‌نەژاد لە ٢٣ی جۆزەردانی رابردوودا، کودیتایان لە دەنگەکانی خەڵك کردو ئەحمەدی‌نژادیان وەك سەرکۆماری هەڵبژێردراو راگەیاند، دەیانزانی لەگەڵ بەرەنگاریی میلیۆنیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەرەوڕوو دەبن. ئەوان کە لە رێگای راپرسییەکان، میتینگە گەورەکانی لایەنگرانی مووسەوی و کەڕووبی و لەمانەش گرنگتر ئاکامی دەنگەکانی خەڵك لە رۆژی ٢٢ی جۆزەردان‌دا، زۆر باش لە بێزراویی باندەکەیان و قۆڵی پاوانخوازو کۆنەپارێز لە نێو خەڵك‌دا ئاگادار بوون، دڵنیا بوون کە بە بێ سەرکوتێکی هەموو لایەنە، ناتوانن ئەم کودیتایە سەرخەن. هەر بۆیە پێش ئەوەی کودیتاکەیان رابگەیەنن، مانۆڕێکی گەورەی نیزامییان لە تاران لە ژێر ناوی "اقتدار"دا بەڕێوەبرد تا هەلومەرجی پولیسی و نیزامی بە سەر پێتەخت‌دا زاڵ بکەن و پێشەکی دەرەتانی هەر چەشنە دژکردەوە نیشاندانێك لە خەڵك زەوت بکەن. بەڵام شەپۆلی ناڕەزایەتی دەربڕین و ژمارەی خەڵکی راپەڕیو لەم کودیتایە لەوە بەرینترو گەورەتر بوون کە بە هاسانی پێشیان پێ بگیرێ. سەرەڕای وریاییدان و هەڕەشەکانی سوپای پاسداران و بەسیج، بە میلیۆنان خەڵك رژانە سەر شەقامەکان و تاران و شارە گەورەکانی ئێران، بوون بە مەیدانی بەرەنگار بوونەوەی خەڵك لەگەڵ کودیتای راگەیەندراو. رۆژنامەنووسانی رەخنەگرو جیابیرو رێبەرانی حیزب و رێکخراوو کۆمەڵە ریفۆرمخوازەکان کە دژایەتیی بە سەرکۆمار کردنەوەی ئەحمەدی نەژادیان کردبوو و پشتی کاندیدا ریفۆرمخوازەکانیان لە رەوتی هەڵبژاردن‌دا گرتبوو، لە ریزی پێشەوەی ئەم بەرەنگارییەدا، دژی کودیتاچییەکان وەستان. لە راستی‌دا ئەوان ئەم کودیتایەیان بە دژی خۆیان دەزانی. چونکە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، بەتایبەتی لەم یەك ساڵەی دوایی و لە مانگەکانی پێش هەڵبژاردن‌دا، بە راگەیاندن و کاری فکری و سیاسی و رێکخستن، زۆرترین رۆڵیان لە نەقدکردنەوەو لەقاودانی کارنامەی ئەحمەدی نەژادو، پێکهێنانی بوار بۆ سەرکەوتنی کاندیدا ریفۆرمخوازەکان‌دا هەبوو.

لە قۆناغی دەستپێکردنی بەرەنگاریی خەڵکی ناڕازی لەگەڵ کودیتاچییەکانیش‌دا، ئەو بەشە لە کەسایەتییە مەتبووعاتی و حیزبییەکان، رۆڵ و جێگای تایبەت بە خۆیان لە رێنوێنیی سیاسی و بەرەوپێشبردنی ناڕەزایەتییەکان‌دا هەبوو. بۆیە دەوڵەتی کودیتا لە پەلامارێکی خێراو سەرانسەری‌دا، زۆر لەو سیما دیارو شوێندانەرانەی رۆڵیان لە رێنوێنیی سیاسی و رێبەریی خۆپیشاندانەکان‌دا هەبوو، قۆڵبەست کردو لە بەندیخانەی پەستاوتن. ئەگەر خەڵکی ئێران و جیهان، بە چاوی خۆیان یا لە رێگای راگەیەنەکانەوە دەیاندی هێزە سەرکوتکەرەکانی باندی خامەنەیی - ئەحمەدی‌نەژاد چی بە سەر خەڵکی ناڕازی دێنن، لە بەرامبەردا کەس ئەم کردەوەو رەفتارانەی نەدەدیت کە لە ئەشکەنجەگاکانی تاقمی دەسەڵاتداردا بە سەر گیراوەکان بەتایبەتی سیما دیارەکانی بەرەی ریفۆرم دێ. بەڵام شتێکی چاوەڕوانکراو بوو کە شانبەشانی هەوڵدان بۆ تێك شکاندنی بەرەنگاریی خەڵك لە سەر شەقامەکان، لە نێو بەندیخانەکانیش‌دا هەوڵ بۆ تێك شکاندنی ورەو ئیرادەی نەیارانی تاقمی کودیتاچی بدرێ.

وەك دەزانین وەقسەهاتنی خامەنەیی لە نوێژی هەینی‌دا، حەوتوویەك دوای کودیتایەکەو، هەڕەشەکانی، نەك هەر نەبوون بە هۆی دەست هەڵگرتنی خەڵك لە ناڕەزایەتی دەربڕین، بەڵکوو ئەوانی لە سەر داکۆکی لە دەنگەکانیان، سوورتر کردو، ناوی خامەنەیی وەك دیکتاتۆرێك کە لە دژی دەنگەکانی خەڵك کودیتای کردوە، راشکاوتر لە هەمیشە لە نێو دروشمەکانی خەڵكدا بە گوێی جیهان گەیی. سەرەڕای هەموو لەشکرکێشی و وەحشیگەرییەك کە دەسەڵاتدارانی کودیتاچی لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خەڵکی ناڕازی‌دا، پەنایان بۆ برد، بەرەنگاری و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین بەردەوام مایەوە. ئەوان نەك هەر نەیانتوانی بە سەر ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵك‌دا زاڵ بن و لە ملکەچ کردنیان بۆ دەوڵەتی کودیتا سەرکەوتوو نەبوون، لە رازی کردنی سیما دیارەکانی کۆماری ئیسلامییش بە داوای خامەنەیی و بەیعەت کردن لەگەڵ رێبەری رێژیم‌دا، هیچ دەسکەوتێکیان نەبوو. ئەگەر پێشتر کەڕووبی و مووسەوی و ناتیقی نووری و خاتەمی بەدی دەکران کە نیازی ملدان بۆ ئەم کودیتایەو داواو ئامۆژگارییەکانی خامەنەییان نیە، دواتر رەفسەنجانییش دەری خست کە مل بۆ قبووڵی ئەم کودیتایە نادا. ئەمەش هەر دەرکەوت کە ئەم سیما ناسراوانەی کۆماری ئیسلامی بە تەنیا نین و سەدان ئایەتوڵڵاو حوجەتولئیسلام و ئاخوندی ناسراوو بەنفووزی دیکەیان لەگەڵ دایە. بە کورتی لە ماوەی مانگ و نیوێك سەرکوت و تاوان و هەوڵی ئاشکراو پشت پەردەدا، کودیتاچییەکان نەیانتوانی، ئەو ئارامی و هێمنی‌یە قەبرستانییەی بۆ دەست پێکردنی دەورەی دووهەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی نەژاد پێویست بوو پێك بێنن. نەیانتوانی ئەو دەنگانە کپ کەن کە لە سەرانسەری ئێرانەوە دژی ساختەکاری و کودیتا بەرز بوونەوە. سەرەڕای هەموو هەوڵێکی چەواشەکارانەیان بۆ بەراوەژوور نیشاندانی راستییەکان، دەوڵەتان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بیروڕای گشتیی دنیا هەڵ نەخەڵەتان و، کودیتا لە دژی دەنگەکانی خەڵکیان، قبووڵ نەکرد.

تەنیا کارتێك کە دەسەڵاتدارانی کودیتاچی بۆ زاڵبوون بە سەر ئەم شکست و ریسوایی‌یەی خۆیان‌دا بە دەستیانەوە مابوو، کەڵك وەرگرتن لە دانپێدانانی نەیارە بەندکراوەکانیان بوو. ئەو درۆیانەی ماوەی مانگ و نیوێك بوو گوێی خەڵکیان پێ کەڕ کردبوو و، هیچ کەس لە ژوورەوەو لە دەرەوەی وڵات لێی قبووڵ نەکردبوون، دەبوو لە توێی دانپێدانانی رێبەرانی حیزب و رێکخراوە ریفۆرمخوازەکان و رۆژنامەنووسە جیابیرو رەخنەگرەکان‌دا، بڵاو ببنەوە. ئەو بەناو دادگایەی لە بەرەبەری سوێندخواردنی ئەحمەدی‌نەژاددا بۆ گیراوەکانی دوای کودیتا پێك هات و، ئەو قسانەی گیراوەکان وەك "اعترافات" کردیانن و لە تەلەڤزیۆنی رێژیم بڵاو بوونەوە، هەوڵێکی زەبوونانە بوون بۆ قەرەبووی شکست لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خەڵکدا. بەڵام ئایا دانپێدانانی کەسانێك کە مانگ و نیوێکە لە ژێر ئازارو شکەنجەدان، نەیانتوانیوە ملاقاتی هیچ کەسێك بکەن، هەموو پێوەندییەکیان لەگەڵ دنیای دەرەوەی زیندان پچڕاوە، نەیانتوانیوە وەکیل بگرن و بە دوور لە هەر چەشنە رێوشوێنێکی قەزایی و دادپەروەرانە بازجوویی و موحاکمە کراون، هیچ بایەخ و ئیعتیبارێکی هەیە؟ رێژیم کە نەیتوانیوە سلامەتی هەڵبژاردن و راستیی ئاکامە راگەیەندراوەکانی هەڵبژاردن بە خەڵك و دنیا بسەلمێنێ، ئێستا بە هۆی ئەو ئیقرارنامانەی بۆ بەندییە سیاسییەکانی وەك ئەبتەحی، میردامادی، بێهزاد نەبەوی و ... ئامادەی کردوون، دەیەوێ بیسەلمێنێ کە ساختەکاری لە هەڵبژاردندا نەکراوەو کودێتایەك رووی نەداوە! دەسەڵاتدارانی پاوانخوازو کودیتاچی دەیانەوێ شکان و ئابڕوو چوونێك کە لە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بە نسیبیان بوو، هەر وەها ریسوایی‌یەك کە لە سۆنگەی پەلاماری خوێناوی بۆ سەر خۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵکی ناڕازی بۆیان پێك هاتوە، بەم دانپێدانانە زۆرەملیانە، قەرەبوو بکەنەوە! بەڵام ئەم هەوڵە زەبوونانەیە، نەك هەر مەبەستەکەیان نایەنێتە دی، بەڵکوو ئەوان زیاتر لە پێشوو، لە بەر چاوی خەڵك و دنیا، ریسواو مەحکووم دەکا.



> **بەڵام ئایا دانپێدانانی کەسانێک کە مانگ و نیوێکە لە ژێر ئازارو شکەنجەدان، نەیانتوانیوە ملاقاتی هیچ کەسێک بکەن، هەموو پێوەندییەکیان لەگەڵ دنیای دەرەوەی زیندان پچڕاوە، نەیانتوانیوە وەکیل بگرن و بە دوور لە هەر چەشنە رێوشوێنێکی قەزایی و دادپەروەرانە بازجوویی و موحاکمە کراون، هیچ بایەخ و ئیعتیبارێکی هەیە؟**

درێژەی:

## ٢٨ی گەلاوێژ، رۆژی بەرگری و هاوپێوەندی

ساڵی رابردوو، ئەگەرچی هەرکام لە حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە نۆرەی خۆیان گرنگیان بەم رۆژەدا، بەڵام لەسەر هەڵوێستێکی هاوبەش و دەرکردنی بەیاننامەی هاوبەش و داواکردنی بە یەکەوەی حەرەکەتێکی دیاریکراو لەو رۆژەدا، رێك نەکەوتن.

ئەمسالیش لە کاتێك‌دا لەم یادە نزیك دەبینەوە کە کۆمەڵێك کەسایەتی و چالاکی سیاسی و فەرهەنگی بە یەکەوە، کەمپەینێکیان وەڕێ خستوەو داوای ماتەمینیی گشتی لەم رۆژەیان‌دا کردوە.

گومانی تێدا نیە ئەگەر هەم کام لە حیزب و رێکخراوەکان و هەر کۆمەڵە کەسایەتییەك لە روانگەی خۆیانەوە،ناوێك لەسەر ئەم رۆژە دابنێن و، حەرەکەتێك لەم رۆژەدا لە خەڵك داوا بکەن، سەر لە خەڵك دەشێوێنن و ئەم یادە لە جیاتی ببێتە نوێنگەی یەکیەتی و هاوپێوەندیی خەڵکی کوردستان، دەبێتە بۆنەیەك بۆ دەرخستنی پرژوبڵاویی ریزەکانی گەل و، نەبوونی گیانی هاوکاری و خۆبواردن لە کارو بەرنامەی هاوبەش. ئێستاو دوای سی ساڵ خەبات و خۆڕاگری و قوربانیدان، خەڵکی کوردستان چاوەڕوانن لەم رۆژەدا شایەدی هاوهەڵوێستی و هاوکاری و هاوهەنگاویی حیزب و رێکخراوو کەسایەتییە خەباتگێڕەکانیان بن. ئەگەر هەموو حیزب و رێکخراوەکان دەنگ و هەڵوێستی خۆیان بەم بۆنەیەوە بکەن بە یەك و، بە یەکەوە حەرەکەتێکی یەکگرتووانە لەم رۆژەدا لە خەڵك داوا بکەن، قسەی تێدا نیە کە زۆرترین پێشوازیی لێ دەکرێ و،٣٠ ساڵەی شەڕی کوردستان بە جۆرێك یادی دەکرێتەوە کە پەیامێکی روونی بۆ دەسەڵاتبەدەستانی ئێران و سەرجەم دۆستان و نەیارانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا دەبێ. ئەو پەیامەش یەکگرتوو بوونی ئەم گەلەو هێزە سیاسییەکانی و، سووربوونیان لەسەر بەرگری و تێکۆشان تا بە دەستهێنانی مافەڕەواکانی گەلی کوردە.

# ڕێبەرایەتیی گۆڕان

حەسەن شێخانی

ئەمڕۆکە پارتە کوردییەکان پێویستیان بە ئاڵوگۆڕێکی جیددییە. بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن و ئامانجە دەستنیشانکراوەکان، پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ پێویستەو ڕێکخراو یان پارتێك کە نەتوانێ بە شێوەیەکی دروست و هاوڕێك لەگەڵ ئامانجەکانی، گۆڕان لە خۆیدا پێك بێنێ داهاتوویەکی گەشی نابێ. لەم بارەوە پارتەکان تووشی هێندێك هەڵەی باوو هاوبەش دەبن کە دەبێتە هۆی شکستی گۆڕان. گرینگترینی ئەم هەڵانە لە خوارەوە ڕیز دەکرێن:

**هەڵەی یەکەم: ئاسوودەخوازیی لە ڕادەبەدەر**

هەر کاتێك ئاسوودەخوازیی (بەتایبەت ڕێبەریی پارتێکی سیاسی) لە ئاستێکی بەرزدا بێ گۆڕان لە گەیشتن بە ئامانجەکانی شکست دەخوا. ئەم هەڵە کوشندەیە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەندامانی ئەو پارتە حاڵەتێکی

> **هەر کاتێك ئاسوودەخوازیی (بەتایبەت ڕێبەریی پارتێکی سیاسی) لە ئاستێکی بەرزدا بێ گۆڕان لە گەیشتن بە ئامانجەکانی دا شکست دەخوا. ئەم هەڵە کوشندەیە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەندامانی ئەو پارتە حاڵەتێکی کۆنسێرڤاتیف بە خۆیانەوە بگرن، ئەخلاقیاتی گۆڕان لاواز بێ و تەنانەت بەرگرییەکی زۆرتر لەهەمبەر گۆڕان لە خۆیان نیشان بدەن**

کۆنسێرڤاتیف بە خۆیانەوە بگرن، ئەخلاقیاتی گۆڕان لاواز بێ و تەنانەت بەرگرییەکی زۆرتر لەهەمبەر گۆڕان لە خۆیان نیشان بدەن.

**هەڵەی دوویەم: نەبوونی تیمێکی بەهێزی گۆڕانخواز**

بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی سەرکەوتووانە، گرووپێکی بەهێزی گۆڕانخواز کە بە شێوەی تیمێکی هاوئاهەنگ کار بکا دەبێتە پاڵنەری تاکەکان بۆ هەوڵدان و کارکردنی زیاتر، ب) هەوڵدانی تاکەکان بۆ شێوەیەکی زۆر خێراو کارا هەماهەنگ دەکا.

هێندێك کەس گیروگرفتەکانی بەردەم گۆڕان دەزانن و هەر بەم هۆیەش هەوڵ دەدەن چالاکییەکان بە هێمنی لە پشت پەردەوە بەڕێوەبەرن و بە زانا بوون لە هەر باس و مشت و مڕێك لە لای هەمووان خۆ دەپارێزن. بە یەکتر هەماهەنگ دەکاو دەبێتە پاڵنەرو هاندەری ئەندامان بۆ سوور بوون لە سەر بردنە ژێر پرسیاری دۆخی هەنووکەییدا. بەڵام ئەگەر ئەندامانی تیمی ڕێبەریی گۆڕانخواز بە دروستی هەڵنەبژێرن و تواناکاریی پێویستیان نەبێ ناتوانن دوورنمایەکی باش بئافرێنن و بۆ ئەندامانی شی بکەنەوە.

**هەڵەی پێنجەم: داماوی لە**



پێویستییەکی سەرەکییە. ئەمە بۆچوونێکی مەترسیدارە کە پێمان وابێ کەسایەتییەك بە تەنیا دەتوانێ ئاڵوگۆڕ پێك بێنێ، چونکە گۆڕانێکی جیددی زۆر دژوارتر لەوەیە کە تاکێك بە ئاسانی بتوانێ ڕێنوێنیی بکا. ئەندامانی گرووپی جێی ئاماژە دەبێ خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە بن:

ئەلف) متمانەی پێویست لە نێوانیان دا هەبێ. ب) پێگەیەکی بەهێزو پرستیژێکی زۆریان هەبێ بۆ ئەوەی بۆچوونەکانیان بەهێند وەربگیرێ. ج) توانای ڕێبەرایەتیی کردنی پڕۆسەی گۆڕانیان لە ئاستی پێویستدا هەبێ. د) بەرژەوەندیی تایبەتی و تاکەکەسی چالاکییەکانیان ئاراستە نەکا.

**هەڵەی سێیەم: بەکەم گرتنی هێزی دوورنما**

گرینگترین فاکتەر لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی سەرکەوتووانەدا، بوونی دوورنمایەکی ئاوەزمەندانەیە. دوورنمایەك کە هەوڵەکانی گۆڕان ئاراستە بکاو، ئیستراتیژیگەلێك بۆ گەیشتن بە دوورنما پەرە پێبدا. دوورنما ئاماژە بە وێنەیەکی ڕوون لە داهاتوو دەکا کە بە تاکەکان نیشان دەدا بۆچی بۆ بەدەست هێنانی دەبێ هەوڵ بدەن. لە پڕۆسەی گۆڕاندا دوورنما هەڵگری دوو ئامانجی گرینگە: ئەلف) بێ هەبوونی دوورنمایەك کە بڕیارەکان ئاراستە بکا هەر هەنگاوێك لەگەڵ کۆسپی جیددی بەرەوڕوو دەبێ و لە ئاکامدا مشتومڕی بێ سەرەنجام و سەر لێشێواوی لێ دەکەوێتەوە.

**هەڵەی چوارەم: نەگواستنەوەو تێنەگەیاندنی دوورنما بە هەموو ئەندامان**

گۆڕانکاریی بنەڕەتی بە بێ هاوکاری و پشتیوانیی زۆربەی ئەندامان ناومکینە. ئەگەر ئەندامانی پارتێك لە دۆخی هەنووکەییش ڕازی نەبن ئامادەی فیداکاری نین، مەگەر ئەوەی کە بەرژەوەندی بان تاکەکەسییان بەلاوە گرینگ بێ و هەروەها بڕوا بکەن کە گۆڕان مومکینە. بە بێ پێکهێنانی پێوەندییەکی کاریگەر ناتوانرێ ڕەزایەت و پشتیوانیی ئەندامان بەدەست بێ. گرینگ ئەوەیە کە دوورنما بە شێوەیەکی شەفاف و ڕوون بۆ هەموو ئەندامان شی بکرێتەوەو ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانج یارمەتی بکرێن.

هێزی ڕاستەقینەی دوورنما کاتێك دەردەکەوێ کە زۆربەی ئەندامانی بەشدار لە پڕۆسەی گۆڕاندا، تێگەیشتنێکی هاوبەشیان لە ئامانج و ئاراستەی گۆڕان هەبێ. ئەم تێگەیشتنە هاوبەشە لە بارەی داهاتوویەکی خوازراودا، ئەو چالاکییانەی گۆڕان دروست دەکەن لەگەڵ

**وەدیهێنانی سەرکەوتنی کورت ماوە**

ئەگەر لە پڕۆسەی گۆڕان یا دارشتنەوەی سترۆکتۆری نوێدا، تا گەیشتن بە گۆڕانی ڕاستەقینەو کۆتایی، هێندێك سەرکەوتنی کورت ماوە بەدی نەیەن، ئەندامان وزەو هێزی هاندەری گۆڕانیان دادەبەزێ و درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بۆ گۆڕان نادەن. مەگەر ئەوەی کە لە دوای ماوەیەکی کورت نیشانەگەلێك لەو ئاکامانە ببینن کە چاوەڕوانیان دەکردن. ئەندامان بە بێ سەرکەوتنی کورت ماوە بۆ گۆڕانی ڕاستەقینەش هەوڵ نادەن یان لە هەمبەری دەوەستن.

**هەڵەی شەشەم: ڕاگەیاندنی ناوەختی سەرکەوتن لە گۆڕان-دا**

سەرەڕای ئەوە کە بەرز نرخاندنی گۆڕانە کەم و کورت ماوەکان کارێکی باش و بەجێن، بەڵام نابێ وەك سەرکەوتنی تەواو گۆڕانی کۆتایی لە قەڵەم بدرێن و ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە. گۆڕانکارییەکان دەبێ بە قووڵی لە کلتووری ڕیکخراوەییدا ڕۆبچن و جێگیر بن کە ئەمە لانی کەم ماوەیەکی نێوان ماوەیی دەوێ.

**هەڵەی حەوتەم: کەمتەرخەمی سەبارەت بە چەسپاندنی گۆڕانکارییەکان لە کلتووری ڕێکخراوەییدا**

گۆڕان کاتێك جێ دەکەوێ و سەقامگیر دەبێ کە ببێتە شێوەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان لە لایەن هەموو ئەندامانەوە. تا ئەو کاتەی گۆڕان بە قووڵی لە ڕێکخراوەکاندا نەچەسپێ هەمیشە لە بەردەم پاشەکشە پێکردن دایە. دوو فاکتەر لە چەسپاندنی گۆڕانکارییەکاندا ڕۆڵی گرینگ دەگێڕن: یەکەم: هەوڵدانی وشیارانە بۆ سەلماندنی گرینگیی گۆڕان. دوویەم: باش بوون و بەرەوپێش چوونی کردەوەو چالاکیی ئەندامان لە ئەنجامی گۆڕاندا.

تووش بوون بەم هەڵانەی سەرەوە ئەو ئاکامەی لێ دەکەوێتەوە کە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە حیزب یان ڕێکخراوێك-دا نەیەتە ئاراوە، بەم پێیەش ئەندامان بە نیسبەت گۆڕان و ئامانجەکانی ڕەش بین و بەدگومان دەبن و هەموو ئەوانەی کە باس لە گۆڕان دەکەن وەك کەسانێکی فێلباز (کە تەنیا بەرژەوەندی خۆیان بەلاوە گرینگە) لە قەڵەم دەدرێن.

هێندێك کەس پێیان وایە کە پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن گۆڕان لە خۆیاندا پێك بێنن. بەڵام ئەگەر پڕۆسەی گۆڕان بە پێی پڕۆژەیەکی دیاریکراوو دوورنمایەکی ڕوون قۆناخ بەندی بکرێ و بەڕێوە بچێ و لە لایەکی دیکەش بەرەیەکی بەهێزی گۆڕانخوازیش بوونی هەبێ ئەم هەڵانەی ئاماژە پێ کرا، دووبارە نابنەوەو گۆڕانیش مومکین دەبێ.

**کۆبەندی**

ئەلف) دروست کردنی هەست کردن بە پێویستیی گۆڕان بۆ ڕاکێشانی هاوکاریی ئەندامان کارێکی پێویستە. کەسانێك کە باوەڕیان بە ئاڵوگۆڕ نیە، تەنانەت بە دوای پێوانەی بەهێزترو هۆکاری پتەوتردا دەگەڕێن. ئەوان دەیانەوێ دڵنیا بن لەوەی کە گۆڕان ڕێکخراو لە مەترسی ناوێژێ بەڵکوو بەهێزیشی دەکاو دەیهێنێتەوە نێو هاوکێشەکان. پێکهێنانی هێزی پاڵنەر لەم جۆرە کەسانەدا پێویستی بە کارێکی ماندوویی نەناسانەیە. بە شێوەیەکی سروشتی کاتێك ئاستی ئاسوودەخوازی لە سەرێ بێ، گۆڕانکارییەکان سەر ناگرن. ئەگەر کەسانی بەتواناش بوونیان هەبێ بەڵام تووشی ئەم داوە بن ناتوانن ببنە سەرچاوەی گۆڕانکاری.

ب) گەورەترین کۆسپ لە بەردەم گۆڕاندا کلتوورو پێکهاتەی تەقلیدی و کۆنە. کەسانێك کە دەیان ساڵە لە سترۆکتۆرێکی دیاریکراو کەڵك وەردەگرن و بە کلتوورێکی تایبەت خوویان گرتوە لە ئاکامەکانی پێکهاتەیەکی نوێ دەترسن. ڕزگار بوون لەم کۆسپانەو گۆڕینی سیستەم و جێگیر کردنی کلتوورێکی نوێ، پێویستی بە دروستکردنی حەماسەی گۆڕان،

> **گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بە بێ هاوکاری و پشتیوانیی زۆربەی ئەندامان ناومکینە. ئەگەر ئەندامانی پارتێك لە دۆخی هەنووکەییش ڕازی نەبن ئامادەی فیداکاری نین، مەگەر ئەوەی کە بەرژەوەندی بان تاکەکەسییان بەلاوە گرینگ بێ**

بەتوانا کردنی ئەندامان بۆ ئەنجامدانی چالاکیی بوێرانە، هاندانیان بۆ ریسك وەرگری و پێشوازی کردن لە ئەندیشەو چالاکیی غەیرە سوننەتی هەیە. هەمووە ئەوانەش کاتێك پراکتیزە دەکرێن کە تیمێکی ڕێبەرایەتیی گۆڕانخواز هەبێ کە جێی متمانەی زۆری ئەندامان بێ و لە لایەکی دیکەش توانای تیۆریزە کردنی کێشەکان و کانالیزە کردنی گۆڕانکارییەکانیان بەرەو ئاقارێکی خوازراوی هەبێ. هەروەها لە توانای کەسانی دەرەوەو نێوخۆی ڕێکخراو بۆ ئەنجامی گۆڕانی بنەڕەتی کەڵك وەربگرێ.

ج) بەڕێوەچوونی گۆڕان پێویستی بە ڕێبەری و بەڕیوەبەرییەکی داهێنەر هەیە. ڕێبەری، دوورنمایەکی ڕوون و هەست پێکراو لە داهاتوو و ئێستراتیژیی گەیشتن بەم دوورنمایە پێشکەش دەکا. بەڵام بەڕیوەبەرێتیی داهێنەر لە ڕێگەی بەرنامەدارێژییەکی بەهێزەوە قۆناخ و خشتەی زەمەنی بۆ جێبەجێ کردنی ئێستراتیژییەکان دیاری دەکا.

## مانۆئێل مارتۆرێل:

# یەکەم جارە بەرژەوەندی نێونەتەوەیی و بەرژەوەندی کورد یەکیان گرتۆتەوە

ئاماژە: بارودۆخی کوردستان لە چاو دەیەکانی رابردوو جیاوازە. لەم سۆنگەیەوە ئەو سەرنج و بایەخەی کە ئێستا دەدرێ بە کێشەی کورد لەچاو رابردوو بەراوەرد ناکرێ. کێشەی کورد ئەمڕۆ بۆتە بابەتێك کە کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوین دا. بۆیە لە ئاستی نێونەتەوەییداو لە هاوکێشەکانی نێوان وڵاتە زلهێزەکان گرنگیو قورسایی تایبەتی هەیە. ئەم دۆخەش لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان جیاوازە. لە باشووری دەبینین دەسەڵاتێکی کوردی هەیە. لە باکوور کێشەکە ئەگەرچی یەکلایی نەبۆتەوە، بەڵام بە ئاراستەیەکدا دەڕوا کە رۆژ بە رۆژ کورد زیاتر قازانج دەکا. لەماوەی ٣٠ساڵی رابردوودا لە ئێران کێشەی کورد یەکێك لە بووە لە کێشە هەر گرنگەکانو قەت کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە ئەو جۆرەی کە پێویستە خۆی لە کوردستاندا بسەپێنێ. لە رۆژئاوای کوردستان، کێشەی کورد ئەگەرچی بۆتە کێشەیەکی جیدی بۆ دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە، بەڵام وەك پارچەکانی دیکە ئەو بابەتە لە هاوکێشەکانداو لە دەرێ بەرچاو نییە.

لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی کورددا کۆمەڵێك نووسەر و رۆژنامەنووسی دەرەکی لە ماوەی ساڵانی رابردوودا کاریان کردوەو لەو پەیوەندییدا بە لێکۆڵینەوەو نوسین یارمەتی ناساندنی پرسی کوردیان داوە. "مانۆئێل مارتۆرێل" نووسەر و رۆژنامەنووسی ئیسپانی یەکێك لەو کەسانەیە کە بە دەیان وتاری لەمەڕ پرسی کورد بڵاو کردووەتەوەو تا ئێستاش دوو کتێبی لەو پەیوەندییەدا چاپو بڵاوکردۆتەوە. "مانۆئێل" لە ئیسپانیا وەك کوردناسێك دەناسرێو لە بەناوبانگترین زانکۆی مادرید و ئیسپانیا کۆرسی تایبەت لەسەر پرسی کورد بەڕێوە دەبا. "کوردستان" لەم ژمارەی خۆیدا سەبارەت بە پرسی کورد لەمڕۆدا وتووێژێکی لەگەڵ ئەم نووسەر و رۆژنامەنووسە ئیسپانییە ئەنجام داوە کە ئەمە دەقەکەیەتی. هەروەها سپاس بۆ کەسایەتیی سیاسی بەڕێز "رەحیم قادری" کە وەك وەرگێڕ یارمەتی دام ئەم وتووێژە ئەنجام بدەم.

ئا: مادێح ئەحمەدی

**کوردستان: سەرەتا زۆر سپاس بۆ ئەوەی کە ئەو دەرفەتەتان بۆ ئەم وتووێژە تەرخان کرد. بۆ دەستپێکی باسەکە وەك نووسەرو لێکۆڵەرێك کە لە سەر پرسی کورد توێژینەوەتان کردوەو چەند کتێبو چەندین بابەتان لەو پێوەندییەدا بڵاوکردۆتەوە. بارودۆخی کورد بە گشتی لەمڕۆدا چون هەڵ دەسەنگێنی؟**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** ئێستا لە مێژووی گەلی کورددا لە هەلومەرجێکی زۆر گرینگ داین. هێندێ رووداو دەبینم کە پێشتر لە گۆڕێدا نەبوون. بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا ئێمە ئێستا دەبینین کیانێکی کوردی هەیە کە زیاتر لە دە ساڵێکی خایاندوە. بۆ یەکەم جار پشتیوانییەکی نێونەتەوەیی هەیە بۆ ئۆتونۆمییەکی کوردی. بۆ یەکەمین جار ئیزۆلە کردنی فیزیکیی کوردستان نەماوەو ئێستا رێگەی پێوەندی زۆر بووەو دەتوانی بە ئازادانە سەردانی کوردستان بکەی. بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی گەلی کورددا کە کورد نیشانی داوە کە تواناو ئێستێعدادی ئەوەی هەیە وڵاتی خۆی هەبێ. ئەو واقعیەتانەی کە ئێستا لە کوردستانی عێراقدا ئێمە دەیانبینین، دەتوانێ بابەتێك بێ بۆ ئەوەی کە ئەو شتە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ببێ بە ئەزموون. دە ساڵ لەوە پێش ئەو سیناریۆیەی کە ئێستا ئێمە لێرە دەیبینین ئەسڵەن چاوەڕوانی نەدەکراو مرۆڤ بە مێشکیدانە دەهات.

**کوردستان: ئاماژەتان بەوە دا کە بارودۆخی کورد لە ئێستادا گرنگەو کورد توانیویەتی ئێستا خاوەن دەسەڵاتێك بێ کە زیادتر لە دە ساڵێك بخایەنێ. پرسیاری من لێرە ئەوەیە ئەم دەسکەوتانەی کە میللەتی کورد لەو قۆناغەدا بە دەستی هێناوە ئایا بەرهەمی خەباتی خۆیەتی یا بەرهەمی هەلومەرج و فەزایەکی سیاسیی تایبەتەو لە ژێر کاریگەریی هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندا بە دەستی هێناوە؟**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** من پێم وایە پێش هەموو شتێك بارودۆخی نێونەتەوەییە کە بۆتە هۆی پێك هێنانی ئەو هەلومەرجە. لە دنیایەك دا دەژین کە هیچ کەس ناتوانێ هەڵاوێرێ لەو دنیایەی کە هەموو تێیدا دەژین. چون هەمووان بە یەکەوە پێوەندیان هەیە. عەمەلکەردی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیی وڵاتانی دنیا پرۆژەیەکی گلۆباڵەو گشتییە. زلهێزەکانیش لە دنیادا هاوپەیمانانی خۆیان لەو ناوچەیەی ئێرە گۆڕیوەو هاوپەیمانی تازەیان هەڵ بژاردووە. هەتا ئەو کاتەی کە کردەوە تێرۆریستییەکەی ١١ی سێپتامبر دژی بورجە دووانەکانی ئامریکا بەڕێوە چوو، پشتیوانی لە رەوتو سیستمگەلێکی ئیسلامیی دیکتاتۆر دەکرا. پاش ئەو هێرشەی کە کرایە سەر ئەو بورجانەو هاتنە سەرکاری "تالیبان"، دنیا هەستی بەوەی کرد کە ئەوە هەڵەیەکی گەورە بووە. بۆیە بەو قەناعەتە گەیشتن کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هێندێك فۆرموولی دێمۆکراتیك بدۆزنەوەو بیخەنە نێو ئەو بەشە لە دنیادا. من پێم وایە ئەو گۆڕانە ستراتیژییەی کە باسم کرد، بە قازانجی گەلی کورد تەواو بووە. کورد توانیویەتی لەوە قازانج بکا. تەنیا رێگەیەك کە کورد بتوانێ بە مافەکانی خۆی بگا ئەوەیە کە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دیمۆکراسی جێگیر بێ.

بۆ یەکەم جاریش لە مێژووی گەلی کورددا بەرژەوەندی نێونەتەوەیی لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی کورد یەکیان گرتۆتەوە. بۆ یەکەم جاریش کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەو قەناعەتە گەیشتوە کە پشتیوانی لە داخوازییە دێموکراتیکەکانی گەلی کورد بکا، لە جیاتی پشتیوانی لە رێژیمە دیکتاتۆرو سەرەڕۆکان. چونکە بەو قەناعەتە گەیشتون کە کورد مەترسیی کەمترە. گرنگ بۆ ئەوان رۆژهەڵاتێکی نێوەڕاستە کە تێیدا مافی کەمایەتییەکان رێزی لێ بگیرێ. بۆیە ئەمەیان بەلاوە گرنگترەو تەرجیحی دەدەن بە سەر رێژیمە دیکتاتۆرەکان کە خەڵك دەکوژن و قوربانییان دەکەن. هەر بۆیە ئەو رێژیمانە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئاکامدا نەك تەنیا مەترسین بۆ کۆمەڵگەکەی خۆیان، بەڵکوو دەبنە مەترسییەکی "بالقوە"ش بۆ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی.



**کوردستان: ئاماژەتان بەوە کرد کە بە هۆی ئەوەی هاوکێشە سیاسییەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا گۆڕدراون کورد خوێندراوەتەوەو لەو رووەوە بووە کە کورد زیاتر توانیویەتی بە کۆمەڵێك دەسکەوت بگا. پرسیاری من ئەوەیە گرنگی کوردستان و ئەهەمییەتی کوردستان بە تایبەت لە رووی ستراتێژیکەوە بۆ زلهێزەکان چییە؟**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** سروشتییە کوردستان کە لە نێو دڵی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، بایەخی ستراتیژی هەیە. نە تەنیا کوردستان، بەڵکوو تەواوی ناوچەکە، ناوچەیەکی گرنگە. کێشەی نەوت گرنگە، کێشەی جوگرافیایی ستراتێژیك گرنگەو دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەو ناوچەیە لە دنیادا گرنگیو بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. بەشی باکووری لە پێشدا، هەموو لە ژێر هێژمونی سۆڤییەتدا بوو و لە لایەن ئەوانەوە کۆنترۆڵ دەکرا. دوای رووخانی سۆڤییەت ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی سۆڤییەتدا بوون، ناوچەگەلێکن کە لە باری ئابوورییەوە یەکجار زۆر گرنگن. چونکە پڕن لە گاز بۆیە نە تەنیا ئێرە بەڵکوو ئەویش بایەخی ستراتیژی. بۆیە دەڵێم بایەخی ستراتیژی ناوچەیەکە کە پێویستە لە هەموو لایەنێکەوە گرنگی پێ بدرێ. ئەوە پێوەندی بە کوردەوە دەبێ لە ناوچەکەدا. لە هەمان کاتیشدا کێشەی کورد، کێشەیەکە کە چوار وڵاتی زۆر گرنگی ئەو ناوچەیە دەگرێتەوەو. ئەوە بایەخێکی تایبەتی دەدا بە کێشەی کورد. هەر بۆیە ئەگەر ئەو وڵاتانە کێشەی کورد بە باشی چارەسەر نەکەن، کێشەیەکی گەورە زیاد دەبێ بەو کێشانەی کە ئەوان لە ناوچەکەدا هەیانە. دیارە کوردستان بۆ خۆی بایەخێکی ستراتیژی هەیەو لە ناوچەیەکیشدا هەڵکەوتووە کە بایەخی ستراتیژی هەیە. هەمووی ئەوانە کە باسی دەکەم ئاڵۆزی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەردەخەن. بۆیە دەبینین ئەو کێشانەی لەو ناوچەیە سەر هەڵدەدەن، ئاکامی سروشتی ئەو هەلومەرجو بارودۆخەن واتا ئەوە نیە کە بە بێ هۆکار بخولقێن. ئەو ناکۆکییانەی کە دروست دەبن، لە ناخی ئەو شتانەوە سەرچاوە دەگرن کە وەکوو کێشەیەك لەو ناوچەیەدا هەن و ئاکامی ئاڵۆز بوونی ئەو ناوچەن.

**کوردستان: یەك شت لێرەدا دێتە گۆڕێ. ئێمە دەبینین لە رابردووی خەباتی سیاسیی کورددا هەر هەلێك، چ لە رۆژهەڵاتی کوردستان، چ لە باشووری کوردستان، چ لە باکووری کوردستان و چ لە رۆژئاوای کوردستان بووبێ، بە گوێرەی پێویست رێبەرانی کورد نەیانتوانیوە کەڵك لەو هەلە وەربگرن و بتوانن خەباتی خۆیان بەرەوپێش بەرن و لانیکەم دەسەڵاتێك جێگیر بکەن. بۆ نموونە لە سەردەمی شێخ مەحمود، یا کاتی خۆی لە باکووری کوردستان لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم. یا دیسان لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم لە سەردەمی سمایل ئاغای شکاك (سمکۆ)دا لە رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەوەی ئێستا بە پێی ئەو هەلومەرجەی دروست بووە لە ناوچەکەدا (کە زلهێزێکی وەك ئەمریکا لە ناوچەکە دایە)و کورد لە باشووری کوردستان دەسەڵاتێکی کوردی هەیە، ئایا بە حوکمی گرنگایەتی کوردستان و ئەو هەلومەرجە دروست بووە، یا نا کورد بەگشتیو رێبەرایەتیی کورد بە تایبەتی توانیویەتی لەو هەلە کەڵك وەربگرن؟**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** من پێموایە لەو هەلومەرجە بە باشی (لانیکەم لە عێراقدا) کەڵك وەردەگرن. پێموایە لە ئێستادا "پارتی دێموکراتی کوردستان" سیاسەتێکی دروست بەڕێوە دەبا. پێموایە هێنانە گۆڕی کێشەی سەربەخۆیی لەگەڵ هەلومەرجی ئێستادا ناگونجێ. ئێمە دەبێ لە هەموو بوارەکان و لە هەموو شتەکان کەڵك وەربگرین بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا کوردستانێکی سەربەخۆمان هەبێ. هەموو ئەو شتانەی کە ئێستا لێرەدا(باشووری کوردستان) دروست دەبن، وەکوو فرۆکەخانە، وەکوو شوێنی دیکە، بارهێنانی خەڵك لە رووی فەرهەنگییەوە، ئەوانە هەموو هەنگاوگەلێکن کە بەرەو ئەو ئامانجە دەڕوا. من پێموایە لە سەر ئەو کۆڵەکانەی کە ئاماژەم پێ کردن، دەتوانرێ لە داهاتوودا کوردستانێکی سەربەخۆ دروست ببێ. لە هەلومەرجی نێونەتەوەیی ئێستادا، من پێموایە رێبەرانی کورد لێرە، ناتوانن زیاتر لەوە بکەن.

**کوردستان: بابەتێکی دیکە کە لێرە دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە دەبینین لە باشووری کوردستان دەسەڵاتێکی کوردی هەیە، کە فاکتەری دەرەکی یا نێونەتەوەیی کاریگەر بووە لە سەر ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە لەم بەشەی کوردستان سەقامگیر بێ. ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ئەم هەلومەرجە نێونەتەوەییە بێتە هۆی ئەوەی کە کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش وەك باشووری کوردستان دەسەڵاتی خۆی هەبێ؟**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** بە هەمان شێوە کە لێرە پیادە کرا، باوەڕ ناکەم بەو شێوەیە بێ. چون من ئەگەری شەڕێك لە نێوان دنیای دەرەوەو ئێران یان تورکیا و سوریا نابینم. بەڵام لەوەی دڵنیام ئەگەر لێرە دێموکراسی دەزگامەند(نهادینە) بکرێ، ئەوە دەتوانێ وەك رێفرێنس بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان کەڵکی لێ وەربگیرێ. ئەوە دەتوانێ پڕۆپاگەندەیەکیش بێ بۆ دەرێ. ئەگەر بێتو ئەوان بنەماکانی ئەو دێموکراسییە دەزگامەند بکەن، کەس ناتوانێ لە دەرێ بڵێ کە خەڵکی ئەو ناوچەیە ئامادەیی ئەوەی نیە کە دێموکراسی وەربگرێ. ئەگەر لە دەرێ بگەن بەو ئاکامەی کە دێموکراسی لە عێراق بایەخی هەیەو دەتوانێ پیادە ببێ، دەتوانن بەو ئاکامەش بگەن کە لە ئێرانو سوریاو تورکیاش دەکرێ. دێموکراسی پەرەی پێ بدرێ. بێ ئەوەی پێویست بێ شەڕێك دروست بێ. چونکە رۆژ بەرۆژیش دنیا گلۆبالیزە دەبێ و زیاتر بچووك دەبێتەوە. من بە دووری دەبینم کە لە داهاتوودا رێژیمگەلێك وەك ئێران و تورکیاو سوریا بتوانن دژی ئەو ئاراستەیە برۆن کە دنیا پێیدا تێپەڕ دەبێ. ئەگەر بێین ئەو ئەگەرە لەبەرچاو بگرین کە سبەینێ رێژیمی ئێران دەڕووخێ کێ دەتوانێ بڵێ نابێ ئۆتۆنۆمی بە کوردستان بدرێ. ئەگەر تورکیا نایهەوێ وەکوو دوڕگەیەك بخرێتە پەراوێزەوە، مەحکووم بەوەیە کە هێندێك لە مافە سیاسییەکانی کورد بە فەرمی بناسێ، هەروەکوو ئێستاش وردە وردە دەیکا. بیانهەوێ یان نەیانهەوێ ژنراڵەکانی تورك دەبێ شێوەیەك لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان قبووڵ بکەن. دە ساڵ لەوە پێش دەیانگوت کورد لە تورکیا نیە، ئێستا تەلەفزیۆنێکی کوردی هەیە کە دەوڵەت بۆ خۆی دایناوە. پرۆسەکە بۆ دواوە ناگەڕێتەوە.

**کوردستان: ئەمەی کە لە تورکیا هاتۆتە ئاراوە، ئایا لەوێ دیسان بەرهەمی هەلومەرجی نێونەتەوەییە، یان نا بەرهەمی**

←

**خەباتی کوردە یان لە ئاکامی سیاسەتی حیزبێك دەسەڵاتداری وەکوو "AKP"دا وەدی هاتوە؟**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** پێموایە ئەمە لە چەند حاڵەت پێك هاتووە. ئەردۆغان گەیشتووەتە سەر ئەو باوەڕە کە کورد هێندێك مافی هەیە. لە هەمان کاتدا ئەو لە ژێر فشاری ژنراڵەکان دایە. هاوکات کە دەڵێ کورد مافی هەیە، ئیزن بە ژنراڵەکان دەدا کە کوردستان بۆمباران بکەن. لە کاتێکدایە کە هێندێك مافی کوردی بە فەرمی ناسیوە، هێندێك لە حیزبە کوردییەکانیشی رامالیوە. ئەو پێی وابوو کە ئەگەر حیزبەکەی بەشێك لە ئیسلامگەرایی و هێندێك لە مافەکانی نەتەوەی کورد پێکەوە تێکەڵ بکا ئاکامی دەبێ. بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی تورکیادا کوردەکان گەورەترین ئەزموونیان بە ئەردۆغان دا. کوردەکانی تورکیا بەو هەڵبژاردنانە پەیامێکیان بە ئەردۆغان دا، ئەویش یەکەم مەسەلەی کوردایەتی، دوایە مەسەلەی مەزهەبو ئایین. من پێموایە لە تورکیادا چەند هۆکار هەن کە ئەوانە پێکەوە کار بکەن. ژنراڵەکان هیچی دیکەیان لە دەس نایە، هەرچی لە دەستیان هاتوە کردوویانە، جگە لەوەی دەیانهەوێ کوشتو بڕێك وەکوو ئەرمەنییەکان بکەن. سەدان گوندیان رووخاندوەو خاپوورو کاول کردوە، سەدان هەزار پەنابەر لە نێو کوردی تورکیادا ناچار بوون ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ بهێڵن، هەزاران کەسیان کوشتووە. ژنراڵەکان لەوە زیاتر جینایەتیان پێ ناکرێ. ژنراڵ "کەنعان ئێڤرێن" کە ساڵی ١٩٨٠ کودیتای کرد، ماوەیەك لەوە پێش گوتوویەتی کە دەبێ رێگە چارەیەك بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە. ئەردۆغان هەوڵی داوە کورد ئیسلامیزە بکا، بەڵام نەیتوانیوە. خەباتی گەلی کورد درێژەی هەیە.

**کوردستان: بە هەر حاڵ بینیمان دوای ئەوەی کە "DTP " (پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیك) کە وەکوو پارتێکی سیاسیی کورد لە باکووری کوردستان خەبات دەکا، لە دوایین کونگرەی خۆیدا پاش هەڵبژاردنەکان، لە نێو شێوەکانی دیاریکردنی ماف چارەنووس دا "ئۆتۆنۆمی" هەڵبژارد. چەندە ئەمە سیاسەتێکی گونجاوە بۆ ئەمڕۆی کورد لە تورکیا؟**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** ئەو ئۆتۆنۆمییە عەمەلی نیە، چون یاسای بنەڕەتی تورکیا ئیزن بەوە نادا.

**کوردستان: ئێستاش زۆر حەرەکەت دەکرێ لە تورکیا لە لایەن کوردەوە کە لە یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتەدا نەهاتوون. هەر ئەوەی کە خودی تەلەفزیۆن بە زمانی کوردی دانراوە بە پێچەوانەی یاسای بنەڕەتییە.**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** من پێموایە رەهەندی ئەو ئۆتۆنۆمییە کە تۆ باست کرد، زۆر زیاترە لەوەی کە تەلەفزیۆنێك دابمەزرێ. ئەوە کاریگەری هەیە لەسەر یەکپارچەیی خاکی تورکیا. ئەو نەزم و شکڵە جوگرافیاییەی کە هەتا ئێستا بەڕێوە چووە، ئەوە دەشکێنێ. شێوەیەکی دیکە هەیە ئەویش ئۆتۆنۆمیی پارێزگاییە، ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی، لە شارەکان. من پێموایە سیاسەتی کوردەکان ئێستا لە سەر کێشەی مافەکانی خۆیان بەو رێگەیەدا دەڕوا کە ئاماژەم پێدا. واتا ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی شارەکان. ئەگەر ئەوە بکەینە سیناریۆیەك کە ئێمە دە ـ پانزدە دانە ئۆتۆنۆمی پارێزگاییمان و سەدان و هەزاران ئۆتۆنۆمیی شاریمان هەبێ. ئاکامەکەی هەر یەکە، ئۆتۆنۆمی کوردیی بە فەرمی دەناسرێ.

**کوردستان: ئەو شتەی کە باستان کرد ئۆتۆنۆمی مەحەلی و ئۆتۆنۆمی پارێزگاکان، بە رای ئێوە بە پێی ئەو یاسایەی لە تورکیا حاکمەو بە پێی ئەو داخوازیانەی کە کورد هەیەتی، ئایا ئەوە پرۆژەیەکی عەمەلییە؟**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** ئێستا لە ئاستی پراکتیکدا ئەوە بەڕێوە دەچێ. بۆ وێنە شارەوانیی دیاربەکر ئێستا لە دەست کورد دایە. ئەوەش هەر بۆ خۆی ئێستاش کاری هەیە. بۆ وێنە ئەوان دادەنیشن شارەوانی دیاربەکر دیاری دەکەن، بەڵام دەوڵەتی ناوەندی دێ ئەوە لادەبا. ئەگەر ئۆتۆنۆمی بە واتای واقعی هەبێ، دەوڵەتی ناوەندی ناتوانێ ئەوە بکا. ئەوی کە ئێستا یاسا پێشێل دەکا، شارەوانی دیاربەکر نیە، بەڵکوو دەوڵەتە کە یاسا پێشێل دەکا. دەوڵەت بۆ وێنە بودجە نادا بە شارەوانی دیاربەکر. لەو حاڵەتەشدا ئەوە دەوڵەتە کە یاسا پێشێل دەکا، ئەوە دەوڵەتە کە ئۆتۆنۆمیی شارەوانی دیاربەکر قبووڵ ناکا. بۆ وێنە شارەوانیی دیاربەکر، ئۆتۆنۆمییەکەی خۆی زەمانێك دەتوانێ بە باشی بەڕێوە بەرێ کە دەوڵەتی ناوەندی بودجەی بداتێ و شارەوانەکەی وەلانەنێ. دەوڵەتی ئەردۆغان دەتوانێ ئەوە بکا، ئەگەر بیهەوێ. ئەوە لە یاسا دایە.

**کوردستان: با بینە سەر کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بەشەدا ئێمە دەبینین هەرکام لە حیزبەکان سیاسەتێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە واقعدا خەباتیان بەو شێوەی کە ئێستا هەیە درێژەی هەیە، بەڵام بەو شێویە کە وەکوو دەسکەوتێك لە تورکیاو عێراقدا دەیبینین بۆ کورد، لە رۆژهەڵاتی کوردستان نایبینین. بە رای ئێوە کورد دەبێ چ بکا کە بتوانێ لە ساڵانی داهاتوودا لە رووی سیاسییەوە دەسکەوتی هەبێ لە ئێراندا؟**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** پێش هەموو شتێك هێزە سیاسییەکان دەبێ خۆیان ئامادە بکەن بۆ سیناریۆیەك کە رەنگە لە داهاتوودا بێتە ئاراوە. من کەسێك نیم کە بڵێم هێزێکی سیاسی دەبێ چ بکا، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر موتەوازعانە من رای خۆم دەڵێم. دەبێ کادرەکان ئامادە بکرێن، بار بهێندرێن بۆ داهاتوو لە ئێران دا. شتێکی کارەساتبارە کە ئەگەر تا ساڵێکی دیکە لە کوردستان خودموختاری هەبێ، بەڵام حیزبە سیاسییەکان کادری پسپۆڕیان نەبێ. ئێستا زۆر گرنگە کە ئێوە بۆ وێنە تەلەفزیۆنێك ئامادە بکەن. تۆ دەبێ زانکۆکان بەڕێوە بەری، تۆ دەبێ خۆت ئامادە بکەی بۆ ئەوەی کە شارەوانییەکان بەڕێوە بەری، بۆ پێکهێنانی سەنعەت، سیستمێکی بەهێز، دەبێ بۆ هەموو ئەوانە خۆت ئامادە بکەی. بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا ئەگەر هەلێك رەخسا دەبێ خەڵك بە زمانی خۆی بخوێنێ. پرسیار ئەوەیە ئایا ئێمە ئەگەر ساڵی داهاتوو لە کوردستان ئۆتۆنۆمی هەبوو، ئایا بەڕاستی ئێمە بە گوێرەی پێویست مامۆستامان هەیە کە بتوانن بە کوردی دەرس بڵێنەوە. نابێ ئێمە چاوەڕێی ئەوە بین کە ئۆتۆنۆمی بێ و هەموو کێشەکان چارەسەر بکا. ئۆتۆنۆمی کێشەکان چارەسەر ناکا.

**کوردستان: من وا تێدەگەم کە دەڵێی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی ئەگەر لە داهاتوودا هەلێك بێتە پێش، هیچ ئامادەییەکیان نیە کە ئەو هەلە بیقۆزنەوە.**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** دەزانم هێندێك شت کراوە. بۆ وێنە تەلەفزیۆن هەیە، من پێموایە(دیارە بە تەواوەتی دڵنیا نیم) کە ئەو ئامادەگییە نیە، کەس شارەزای ئەوە نیە کە سیستمی ئۆتۆنۆمی چون بەڕێوە دەچێ. بۆ وێنە لە ئۆتۆنۆمیدا، بەشیماڵیات چون دەبێ بەڕێوە بەری. مەبەستم ئەو جۆرە شتانەیە. هەڵبەت رەنگە ئامادەکاری بۆ بکەن.

**ئەگەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە وڵاتێك دژی رێژیمێك بن ئەو رێژیمە ناتوانێ درێژە بە ژیانی بدا**

**کوردستان: لە قسەکانتدا زۆر باسی ئۆتۆنۆمیت کرد، بەڵام حیزب و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبینین لە بەرنامەی تازەی خۆیاندا بە نیسبەت ئەوەی کە کورد بە چ شێوەیەك، خاوەن دەسەڵاتی بێ لە داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان یا ئێران بە چ سیستمێك بەڕێوە بچێ، باسی فێدرالیزم دەکەن.**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** راست دەکەی، شێوەی ئیدەئال بۆ وێنە هەم بۆ ئێران و هەم بۆ ئیسپانیا فیدرالیزمە. زۆر جار بۆ وێنە وشە دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانی بچیتە پێش. بەڵام بۆ وێنە رەنگە ئێستا ئۆتۆنۆمی بە باوەڕی من باشترین شت بێ بۆ ئێران. بۆ ئەوەی لە نێو خەڵك کێشە ساز نەکا. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە هێندێك سیستمی ئۆتۆنۆمی هەن کە عەمەلەن فیدرالیزمن، بۆ وێنە ئیسپانیا. لە باری سیستمەوە ئیسپانیا سیستمێکی ئۆتۆنۆمە، بەڵام هەر ناوچەیەکی خودموختار بۆ خۆی، خۆی بەڕێوە دەبا. لە باری قانوونییەوە ئۆتۆنۆمییە، بەڵام لە پراکتیك فیدرالیزمە. ئەگەر ئەو خاڵە چکۆلەتان لە بەرچاو بێ ئێوە لە داهاتوودا دەبێ لەگەڵ فارسەکان بۆ باس لە مۆدێلێکی نوێ بۆ ئیدارە کردنی ئێرانێکی داهاتوو دانیشن رەنگە ئەوان رازی بن بەوئۆتۆنومییە کە لە پراکتیکدا فیدرالیزمە. هیوادارم کە بارودۆخێك لە ئێراندا بێتە پێشێ کە بتوانن بە سەر ئۆتۆنۆمیدا باز بدەن، بچنە فیدرالیزم.

**کوردستان: سەبارەت بە مەسەلەی فیدرالیزم کە باستان کرد، من بە پێی قسەکانی ئێوە وا تێگەیشتم ئەم سیاسەتەی حیزبو رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بەگشتیو حیزبە کوردییەکان بە تایبەتی کە گرتوویانەتە بەر سیاسەتێکی نادروستە؟**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** بە هیچ شێوەیەك. زۆرێك لە پارتەکانی ئیسپانیا کە لە ناوچە ئۆتۆنۆمەکان کار دەکەن، هەوڵ بۆ سەربەخۆیی دەدەن. هەموو کەس دەزانێ کە ئەوانە بۆ فێدرالیزم خەبات ناکەن، بەڵکوو بۆ قۆناغێك سەرووتر لەوە کە سەربەخۆییە خەبات دەکەن. بە شێوەیەکی سادە بڵێم مەسەلە کێشەی فازە. ئەوانە دەبێ فاز بە فاز بۆیان بچی. ئەگەر پێتان وایە کوردستان و بەشەکانی دیکە ئامادەن بۆ سەر بەخۆیی کوردستان فەرموون بۆ پێشەوە. ئەگەر ئێران ئامادەیە بۆ فیدرالیزم فەرموون بۆ پێشەوە. من پێم وایە حیزبێکی سیاسی نابێ ئامانجی سەرەکی خۆی بشارێتەوە. کارێك کە دەبێ بیکا ئەوەیە کە نابێ کڵاو لە سەر خەڵك بنێ. بەهەر شێوەیەك یا بەهەر هۆیەك ئەگەر نەتوانێ بۆ ئامانجی سەرەکی کە دیاری کردوە خەبات بکا، با بۆ شێوەیەکی دیکە خەبات بکا. هەمیشە چوارچێوەی گەمەکان دەبێ لەبەر چاو بگرین. دەبێ هەلومەرجی سیاسی ئێستای ئێران لە بەر چاو بگیرێ. من پێم وایە کێشەکە کێشەی متمانەیە.

**کوردستان: لە پێوەندی لە گەڵ ئێراندا دەبینین پێکهاتەی سیاسیی ئێران پێکهاتەیەکە کە زۆر کەس، زۆرێك لە ئۆپۆزێسیۆنەکانی ئێران پێیان وایە ریفۆرم هەڵ ناگرێ. ئایا لە فەزای سیاسی ئەوڕۆی ئێران دا، حیزبەکان باشترە لە رێگەگەلی مەدەنی و ناتوندوتیژەوە خەبات بکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، یا نا لە پەنای ئەو خەباتەش دا لە جۆرێك خەباتی چەکدارییش (وەکوو تاکتیك) کەڵك وەربگرن و وەك کارتێك بە کاری بێنن؟**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** پرسیارێکی سەختە. بۆ گەیشتن بە دێمۆکراسی ئەوەی کە گرنگە خەباتی گەلە. بەو رادیەی کە ژمارەی بەشداران لەو خەباتانەدا هەرچی زیادتر بێ، ئیمکانی ئەوە هەیە کە ئەو دێموکراسییە بەرینتر بێ. لە هەلومەرجی ئێستادا هێنانە بەرباسی خەباتی چەکدارانە یا ئەوەکە خەباتی چەکدارانە بکەی، بە موازاتی ئەو خەباتە ئەمن پێم وایە، سەرکوت زیاتر دەبێ، توندوتیژتر دەبێ. ئەوە وەختێك دەبێتە شێوەیەك لە خەبات کە زۆرینەی گەلانی ئێران یا خەڵکی ئێران لەو سێناریۆیە وەلادەنرێن. خۆیان لەگەڵ ئەو خەڵکە نازانن. بە باوەڕی من لە هەلومەرجی ئێستادا (ئەرکی پێویست) دەبێ فکری خەڵکی ئێرانی ئامادە بکرێ بۆ ئەوەی هەرچی زیادتر فشار بۆ رێژیم بێنن. ئەگەر هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا لە وڵاتێك دژی رێژیمێك بن ئەو رێژیمە ناتوانێ درێژە بە ژیانی بدا.

**کوردستان: باشە خۆ ئەو خەباتە چەکدارییەی کە بە هەر حاڵ لە رابردوودا هەبووە، ئێمە دەبینین لە دەیەو نیوی رابردوودا نەبووە، سەرەڕای ئەوەکە خەباتی چەکداری نەبووە رێژیم سەرکوتی لە کوردستان هەر پەرە پێداوەو ئەو روانگە ئەمنییەتییەی کە بەرامبەر بە کوردستان هەیبووە نەگۆڕدراوە.**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** من پێم وایە ئەگەر زۆر لەسەر ئەو خەباتە چەکدارییە پێداگری بکرێ، دەتوانێ لە قۆناغێکدا پشتیوان بێ. وەکوو تاکتیکێك کە پشتیوانی لە خەباتی سیڤیلو جەماوەری بکا. لە حاڵەتێکدا کە ئەو شۆڕش و هەستانە جەماوەری دەست پێ بکاو هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە کە رێژیم ویستی سەرکوتی بکا، لەو وەختەدا پێشمەرگە دەبێ بەرگری لەوە بکا بۆ ئەوەی کە رێژیم نەتوانێ کوشتو بڕو سەرکوتی خەڵك بکا.

**کوردستان: بابێینەسەر کێشەی کورد لە رۆژئاوای کوردستان. بۆ وێنە دەبینی کێشەی کورد لە رۆژئاوای کوردستان لەچاو رۆژهەڵاتو باشووری کوردستان، لە چاو کێشەی کورد لە تورکیا کێشەیەکە کە لە پەراوێز دایە. ئایا پێتان وایە ئەو گرنگایەتییەی کە بە کێشەی کورد لە پارچەکانی دیکە دەدرێ بەو رادەیەش کورد لە سوریا بخوێندرێتەوە. ئەم بابەتە چۆن دەبینن؟**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** ئەوە دژی کوردی سوریا قسە کردن نیە کە ئەگەر بڵێین گرنگایەتی کورد لە کوردستانی سوریا کەمترە. کورستانی سوریا کوردستانێکە کە بیابان (کەویر)ەو شاخو کێوی نیە. جگە لە ناوچەی "کورداخ" لای "ئالێك". تەنیا دوو میلیۆن کەسن. ژمارەیان کەمن. کوردستانی سوریا کوردستانێکە لەچاو بەشەکانی دیکە کە پانتایی جوگرافیایی کەمترە لە بەشەکانی دیکە. بۆیە ئیمکانی مانۆڕدانیان کەمترە.

**کوردستان: باشە بە چی شێوەیەك دەکرێ کێشەی کورد لە وێ وەکوو پارچەکانی دیکە زەق بکرێتەوە؟**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** سەرەڕای هەموو ئەوانەی کە باسمان کرد، تا ئەو جێگەیەی کە ئەمن زانیاریم هەیە، شەش حیزبی سیاسی کورد لەوێ خەریکی خەباتن. ئێستا ئۆپۆزیسیۆنێکی لاواز دژی دەوڵەتی سوریا خەبات دەکا. وایان کردوە کە"بەشار ئەسەد" بێننە سەر ئەو باوەڕە کە لە سوریا کێشەیەك بە ناوی کێشەی کورد هەیە. من پێم وایە کوردەکانی سوریا وشیاری نەتەوەییان بە رادەی بەشەکانی دیکەی کورستان گەشەی نەکردوە، ئەوەشیان ساڵی ٢٠٠٤ نیشان دا. هەروەها لە باری جوگرافییەوە، یان لە باری دێموگرافییەوە بێگومان لە چاو بەشەکانی دیکەی کوردستان چووکترە.

**کوردستان: وەك دوایین پرسیار بە گشتی بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر کێشەی کورد ئەنجامتان داوە ئایا بە نیسبەت چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە داهاتوودا گەشبینن؟**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** من هەمیشە رەشبین بووم. چون پێم وابووە کێشەی کورد هەمیشە کێشەیەکی سەختو زۆر دژوار بووە. بەڵام لە بارودۆخی ئێستادا گەشبینم. پێم وایە کە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێکڕا بەرەو دێموکراسی دەڕوا، بەڵام نازانم چ جۆرە دێموکراسییەك. شێوەیەك لە دێموکراسی کە لەوێدا رێز بۆ ماف کەمایەتییە فەرهەنگی، ئیتنیکی، مەزهەبی و سیاسییەکان دابنرێ. نامەوێ بڵێم ئەو دێموکراسییە لەوانەیە وەك دێموکراسییەکانی ئوروپایە بێ. بەڵام لانیکەم لام وایە کە هەلومەرجێکی وا جیگیر بێ کە رێز لەوانەی کە ئاماژەم پێ کرد بگرێ. ئەوە بۆ خۆی دەسپێکێکی باشە بۆ ئەوەی کە ئوتۆنۆمییەکانی ناوچەکە وردە وردە دابمەزرێن و بەرەو پێش برۆن و هەلومەرجێك پێك بێنن کە لەوێدا پێوەندییەکی باش لە نێوان بەشەکانی کوردستاندا ساز بێ. بۆیە ئەوە زۆر گرنگە کە کوردەکان بتوانن پێوەندییەکانی خۆیان لە بواری فەرهەنگییەوە، لە بواری ئینسانییەوە و لە بواری سیاسییەوە زیاتر پێکەوە گرێ بدەن. ئەو ئاڵقە پێوەندییانەن کە دەتوانن بوارێك پێك بێنن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا وڵاتێك دروست بکەن. هەڵبەت وەختێك کە هەلومەرجی نێونەتەوەی ئیزن بدا. یەکێك لە کارە هەرە گرنگەکان ئەوەیە کە زمانێکی یەکگرتوو دروست ببێ. لە وڵاتی "باسك" هەمان کێشە هەبوو، بەڵام توانیویانە چارەسەری بکەن و رێگەی بۆ بدۆزنەوە. ئەگەر بمانهەوێ وڵاتی باسك بەراوەرد بکەین لەگەڵ کوردستان، زۆر زۆر چووکترە. ئەو کێشەیەمان (کێشەی زمانی یەکگرتوو) نییە کە ئێوە(کورد) هەتانە. لێرە بەشێك بە لاتینو بەشێك بە عەرەبی دەنووسن. جا هەر بۆیە ئەتۆ بۆ ئەوەکە نەتەوەیەك رێکبخەی دەبێ زمانێکی یەکگرتووت هەبێ. بەو مانایە نا کە دیالێکتەکان (زاراوەکان) لە بەین بچن. بۆ وێنە لە وڵاتانی عەرەب زمانو زاراوەی جیاواز هەیە، بەڵام لە بەشی تەلەڤزیۆن و رۆژنامەو رادیۆکاندا توانیویانە زمانێکی یەکگرتوو بۆخۆیان بدۆزنەوە. عەرەبێکی عێراقی و عەرەبێکی مەراکێشی لێك ناگەن، بەڵام تەلەڤزیۆنی مەراکێش لەگەڵ تەلەڤزیۆنی عێراق و رۆژنامەکانی عێراق لەگەڵ رۆژنامەکانی ئەوێ بە یەك زمان دەنووسنو قسە دەکەن.

**کوردستان: زۆر سپاس**

**مانۆئێل مارتۆرێل:** سپاس بۆ ئێوەش، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

madehahmadi@gmail.com

# دەنگە جیاوازەکانی نێو پرۆسەی هەڵبژاردنی باشووری کوردستان

سامان فەقێ نەبی

لە هەر وڵاتێکدا کە پرۆسەی هەڵبژاردنی تێدا بەڕێوەدەچێ ئەمە هەرگیز وەکوو تەنیا مەرجی دێموکراتیک لە قەڵەمدانی کەشی سیاسیی ئەو وڵاتە لێکنادرێتەوە. زۆرجار هەیە کە هەڵبژاردن لە لایەن دەسەڵاتدارانی وڵاتێکەوە وەکوو دەمامك بە کار هێندراوە تاکوو رووی نادێموکراتیکی دەسەڵات بشاردرێتەوەو لە رێگەی هەڵبژاردنێکی غەیرە ئازادەوە مەشرووعییەتێکی درۆیین بە سیستێمو دەسەڵاتێکی نادێموکراتیك بدرێ.

لە ماوەی رابردوودا پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، پرۆسەیەك کە لە لایەك بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دواکەوتووی عەرەبی و ئێران و... دەکرێ بە هەڵبژاردنێکی ئازاد (بە شێوەیەکی رێژەیی) و پاقژ (بە شێوەیەکی رێژەیی) ئەژمار بکرێ، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دێموکراتیکی رۆژئاوایی و یان تەنانەت وڵاتێکی وەك ئیسرائیل لە ناوچەدا دەکرێ بە پرۆسەیەکی تارادەیەك عەیبدار لە قەڵەم بدرێ، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییە کە کلتووری دێموکراتیك و دامەزراوە دێموکراتیکەکان لەم هەرێمەدا تاکو ئێستاش لە ئاستی پێویست دا گەشەیان نەکردووە. بەڵام سەرەڕای ئەمانە دەکرێ ئەم پرۆسەیە بە سەرەتاو نموونەیەکی نوێ لە ناوچەدا بێنینە ئەژمار کە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە پێگەی کورد لە نێو بیروڕای گشتی جیهاندا بەهێزتر بێ و ناوەندە سیاسیو میدیاییەکانی رۆژئاوا هان بدا کە پتر گرینگی بە کێشەی کورد لە ناوچەدا بدەن و وەکوو نەتەوەیەك کە خاوەن ئیرادەو پتانسیلێکی بەهێز بۆ گەشەو بەرەوپێش چوونی پرۆسەی دێموکراتیزە بوونی رۆژهەڵاتی ناڤینە (عێراق بە تایبەتی) نرخاندن و راڤەی لەسەر بکەن.

ئەگەر بمانهەوێ هەڵوێستە لەسەر کەشی سیاسیو هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی سەرەکی بکەین:

لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ تاکو ئێستا سەرەڕای هەبوونی کۆمەڵێك کۆسپ و تەگەرەی نێوخۆو دەرەکی، رەوتی دێموکراتیزە بوون لە باشووری کوردستان تا ئاستێکی مامناوەندی پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیوە. لەم هەرێمەدا ئازادیی رۆژنامەگەری و مافی دامەزراندنی پارت و رێکخراوی سیاسی بوونی هەیە، بەڵام بە هۆی تێکئالانی دامودەزگای دەوڵەتی و حیزبی، بەشێکی دیکە لە پێشمەرجەکانی پێوەندیدار بە گەشەی رەوتی دێموکراتیزەبوونی هەرێمی کوردستان بە واتای راستەقینە نەهاتوونەتە ئاراوە.




دەگوترێ کە شۆڕشگێڕێکی راستەقینە ناتوانێ لە داهاتوودا بەڕێوەبەرێکی کارامەو سەرکەوتووی وڵات بێ. ئەزموونی تاڵی دەسەڵاتداریی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پاش سەرکەوتنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانە، تارادەیەك دروستیی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ. لە باشووری کوردستان ئەگەر بە وردی سەیر بکەین، روونە کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری بەشێکی لە دەست کەسانێك دایە کە خاوەن هیچ جۆرە پسپۆڕییەك لەو بارەدا نین و لە شوێن کەسانی تێکنۆکرات، خەڵکانێك کە رابردووی شۆڕش و خەباتی شاخیان هەیە ئەم ئەرکانە هەڵدەسوورێنن. هەر بەو پێیەش حیزبە دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕۆکەی باشووری کوردستان قەوارەی دەسەڵات و میکانیزمی بەڕێوەبردنی حیزبیان گواستۆتەوە بۆ دامەزراوە دەوڵەتییەکان، کە ئەمەش کۆمەڵێك دیاردەی نێگەتیڤی لێکەوتۆتەوەو بەستێنێکی لەباری بۆ تەریك کەوتنەوەو نامۆیی لە نێوان رووناکبیران و بژاردەی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی کوردی پێك هێناوە. بێگومان لەوەها فەزایەکدایە کە بەرەبەرە بوار بۆ سەرهەڵدانی بزاڤگەلێکی رەخنەگرو ئۆپۆزیسیۆن خۆش دەبێ و ئەمڕۆکە دەبینین کە ململانییەکی توند لە نێوان لایەنە ئۆپۆزیسیونەکان و دوو پارتی دەسەڵاتداریی باشووری کوردستان هاتۆتە ئاراوە.

لەم ساڵانەی دواییدا دوو لایەن بەرەبەرە هەوڵیان داوە کە قامك لەسەر کەموکوڕییەکانی رەوتی دێموکراتیزە بوونی هەرێمی کوردستان دابنێن و وەبالی وەدیی نەهاتنی چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بخەنە ئەستۆی دوو حیزبی سەرەکیی گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمەوە. ئەم دوو لایەنە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە جۆرو شێوازی حیزبایەتی کە لە لایەن pdk و ynk بەڕێوە دەچێ، مۆدێلێکی ناکارایەو لە ژێر سێبەری ئەم جۆرە حیزبایەتییە هەرێمی کوردستان تاکوو ئێستا دەسەڵاتێکی سەرکەوتووی تاقی نەکردۆتەوە. بەڕای ئەم لایەنانە پێکهاتەو ئەرکەکانی دەوڵەت تارادەیەکی زۆر رەنگدانەوەی پێکهاتەو بەرژەوەندی پارتە دەسەڵاتدارەکانەو کۆپی کردنی مۆدێلی حیزبایەتی بۆ نێو دامودەزگا دەوڵەتییەکان بۆتە هۆکارێکی سەرەکی کە ئەسلی بنچینەیی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەروەریی یاسا ببێتە قوربانی بەرژەوەندی و ستراکتۆری دەسەڵات لەم حیزبانەدا.

ئەو دوو لایەنە کە دەخوازن ئەم کەم و کوڕییانە بقۆزنەوەو لە دەرەتانێکی وەهادا وەکوو ئۆپۆزیسیون دەرکەون بریتین لە: ١ـ **پارتە ئیسلامییەکان:** لایەنە میانەرەوە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستان پاش جیاکردنەوەی رێبازی خۆیان لەگەڵ رەوتە رادیکاڵ و بنئاژۆخوازەکانی ئەم هەرێمە، لەو ساڵانەی دواییدا لە هەوڵی ئەوەدا بوونە کە لە هۆکارگەلێك وەك بەرین بوونەوەی جیاوازیی چینایەتی و نەبوونی خزمەتگوازیی لە ئاستی چاوەڕوانکراو دا وەکوو ئیمتیازو پوانێك لە پێناوی کۆکردنەوەو موبیلیزە کردنی ناڕەزایەتیی توێژە هەژارو کەم داهاتەکانی کۆمەڵگە کەڵك وەرگرن و لەم هەڵبژاردنەشدا بە دروست کردنی هاوپەیمانی لەگەڵ دوو پارتی لائیك بێنە نێو گەمەی هەڵبژاردنەوە. بەو پێیەش توانیان بەشێك لە دەنگە ناڕازییەکانی خەڵك بۆخۆیان مسۆگەر بکەن.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدان و گەشەی بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی لە وڵاتانی موسڵماندا بریتییە لە ناکارامەیی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەری لەم وڵاتانەدا کە دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی رادەی هەژاری و بێهیوایی لە نێو جەماوەری ئەم وڵاتانەو هاتنە ئارای کەشێکی گونجاو بۆ بەسیجی خەڵکی ناڕازیی لە لایەن رەوتە ئیسلامییەکانەوە، کە هەرێمی کوردستانیش لەم قاعیدە بەدەر نیە.

**٢ـ لایەنە گوڕان خوازەکان**

لە دوای بەرز بوونەوەی ئاستی ناکۆکییەکانی نێو ynk و هاتنە دەرەوەی رووما ناسراوەکانی باڵی رێفۆرم لە بازنەی ynkدا، بەرەبەرە بیرۆکەی پێشکەش کردنی ئاڵترناتیڤێکی جیاواز لە ئەزموونی دەسەڵاتداریی دوو پارتە سەرەکییەکەی هەرێم هاتە ئاراوەو لەم چوارچێوەیەشدا ئەم بیرۆکەیەلەلایەن بەشێك لە ئەندامانی ناڕازیی نێو ئەم دوو پارتە (بەتایبەتیynk)و بەشێکی بەرچاو لە کوردەکانی دیاسپۆراو رووناکبیرانی نێوخۆو دەرەوەی هەرێم بە هەر دوو شێوە (راستەوخۆو ناراستەوخۆ) پشتگیری کرا، تاکو بەم شێوەیە لە رێگەی خستنەرووی بەرنامەیەکی نوێ بە مەبەستی گۆڕینی دۆخی هەنووکەیی شەپۆلێك لە دەنگی ناڕەزایەتی جەماوەر وەگەڕ بخرێ و دواتر لە چوارچێوەی لیستێك بەناوی گۆڕان تێکەڵ بە گەمەی هەڵبژاردن ببێ. ئەم شەپۆلە توانی کە لە میدیا (رادیوو TVو رۆژنامە و...) وەکوو ئامرازێکی کاریگەر کەڵك وەرگرێ و لە ماوەیەکی کورتدا لە نێو بەشێك لە توێژە ناڕازییەکانی کۆمەڵگەدا جێی خۆی بکاتەوەو لە دوای ئاشکرابوونی ئاکامی هەڵبژاردن وەکوو بەهێزترین لایەنی ئۆپۆزیسیون دەرکەوێت.

ئەم لایەنە واپێدەچێ زیاتر لە هەوڵی ئەوە دایە کە هاوشێوەی بزاڤە مەدەنی و شۆڕشە نەرمەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لە هێندێك شوێنی جیهان هەنگاو هەڵێنێ و بە دوور لە توندوتیژی لە میکانیزم گەلێکی رادیکاڵ و رەخنەگرانە لە ئاستی میدیایی و ئاستی کردارییدا بە مەبەستی ململانێ لەگەڵ دەسەڵات کەڵك وەرگرێ.

بە کورتی دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە لە هەرێمی کوردستان دەکرێ بە سەرەتایەکی شیاو بۆ پێکهێنانی کەشوهەوایەکی دێموکراتیك ناوزەد بکەین کە تێیدا هەر تاکێکی کورد هەست بە بەرپرسایەتی خۆی لەو قۆناخە هەستیارەدا بکا. بێگومان رەنگدانەوەی سەرجەم بیرە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە پارلمان دا گرەنتی و یارمەتیدەر دەبێ کە هەم کەم و کوڕییەکان لە هەرێمدا زووتر چارەسەر بکرێن و هەم نوێنەرانی سیاسیی کورد بە قورسایی و پشگیرییەکی بەرچاوتری جەماوەرەوە ویستە نەتەوەیییەکانی کورد لە عێراق دا بێننە ئاراوە بەڵام پێشمەرجی سەرەکیی ئەم پێشکەوتنانە بەستراوەتەوە بە پێڕەو کردنی ململانییەکی لۆژیکی و ئەقلانی و بە دوور لە دژایەتی لە نێوان گشت لایەنەکانی نێو پارلمانی کوردستانەوە.

> **هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە لە هەرێمی کوردستان دەکرێ بە سەرەتایەکی شیاو بۆ پێکهێنانی کەشوهەوایەکی دێموکراتیك ناوزەد بکەین کە تێیدا هەر تاکێکی کورد هەست بە بەرپرسایەتی خۆی لەو قۆناخە هەستیارەدا بکا**




## هەنگاوەکان بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە تورکیا



ناوەندە سیاسییەکانی تورکیا باس لەوە دەکەن کە لەو وڵاتەدا قۆناخێکی نوێ لەهەمبەر چارەسەریی پرسی کورد لەو وڵاتەدا لە پێشەو لە چوارچێوەیەشدا بەرپرسانی ئەو وڵاتە وەك عەبدوڵڵا گویل سەرۆك کۆمارو رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆك وەزیر لەو ماوەیەدا لە چەندین وتارو لێدوانەدا رایانگەیاندوە کە بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە تورکیا پێویستە رێگەیەکی ئاشتیانە بدۆزرێتەوە. هەروەها لەو پێوەندییەدا بریار وایە کە لە رۆژی ١٥/ ٨/ ٢٠٠٩ دا عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی pkk پرۆژەیەك بە مەبەستی چارەسەریی پرسی کورد لە تورکیا پێشکەش بە کاربەدەستانی ئەو وڵاتەو بیروڕای گشتی بکا.

## سەردانی مالیکی بۆ هەرێمی کوردستان



پاش ئاشکرابوونی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژادنەکانی هەرێمی کوردستان مالێکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بە مەبەستی چارەسەریی ناکۆکییەکانی لەگەڵ کاربەدەستانی کورد، گەیشتە سلێمانی و چاوی بە جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی کەوت. چاوەدێرانی سیاسی ئەم سەردانە بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکانی نێوان هەولێرو بەغداو هەروەها ئامادەکاریی بۆ هەڵبژادنەکانی داهاتووی عێراق دەگەڕێننەوە. هەروەها مالێکی لەو سەفەرەدا سەردانی شاری هەڵەبجەی کردو گوێ بۆ سکاڵاکانی خەڵکی ئەم شارە کرت.

## ئاکامی هەڵبژادنەکانی هەرێمی کوردستان



ئاکامی هەڵبژادنەکانی رۆژی ٢٥/ ٧ لە هەرێمی کوردستان گۆرانکارییەکی نوێی لە نەخشەی سیاسیی ئەم هەرێمەدا هێنا ئاراوە بەپێی دەرئانجامەکان لیستی کوردستانی و مەسعوود بارزانی توانیان لە هەڵبژارنەکانی پارلمان و سەرۆکایەتی هەرێم زۆرینەی دەنگەکان وەدەست بێنن و هاوکات لایەنە ئۆپۆزیسیونەکانیش وەك لیستی گۆران و لیستی خزمەتگوازیی و چاکسازیی رێژەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە دەنگەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

# براوەی سەرەکیی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، ئەزموونی دێموکراسییە

✍ : مەسعوود ڕەواندوست

لە دنیای ئەمڕودا کە شەپۆلی دێموکراسیخوازی سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوە، دێموکراتیک بوون یەکێك لە خواست و چاوەڕوانییە سەرەکییەکانی گەلان و تەنانەت دەوڵەتەکانی جیهانە. پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن گرنگی و بایەخێکی وای وەدەست هێناوە کە بۆ دەوڵەتەکان دێموکراسی یەکسانە لەگەڵ مەشروعییەتی سیاسی، بەجۆرێك کە ئەگەر دەوڵەتێك بیهەوێ مەشروعییەت و ڕەوابوونی خۆی نیشان بدا دەبێ هەبوونی مەرجەکانی دێموکراتبوون لەخۆیدا بسەلمێنێ.

بەباوەڕی زانایان و پسپۆڕانی بواری سیاسەت یەکێك لە سەرەکیترین نیشانەکانی دیموکراسی لە هەر وڵاتێکدا بوونی هەڵبژاردنی ئازادە. بەڵام ئاشکرایە کە لە دنیای ئەمڕۆدا کە لە نێوان ١٩٢ وڵاتدا کە بە هەموو پێوانەکان ٤٢ وڵاتی دیکتاتۆر و نادێموکراتیك هەن و هەر هەمووی ئەم وڵاتانەش هەوڵ دەدەن خۆیان بە دێموکراتیك نیشان بدەن و لە زۆربەشیاندا هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێ، ناتوانین بڵێین تەنیا هەبوونی هەڵبژاردن نیشانەی دێموکراتیك بوونە. بەڵکوو ئەوەی بە یەکێك لە سەرەکیترین نیشانەکانی دێموکراسی دەزانرێ بوونی هەڵبژاردنی ئازادە کە کۆمەڵێك مەرج و نیشانەی تایبەت بەخۆی هەیە.

ئێستا بێ ئەوەی بچینە نێو وردەکارییەکانی ئەم باسە دەمانهەوێ سەرنج بدەینە ئەزموونی دێموکراسی و هەڵبژاردنی ئازاد لە نێو گەلێكدا کە لە ناوچەیەکی هەستیاری جیهان هەڵکەوتوە.

ڕۆژی ٢٥ی جولای ئەمساڵ هەرێمی کوردستانی عێراق شایەدی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی و سەرۆکایەتیی هەرێم بوو. ئەم هەڵبژاردنە لە چەند ڕووەوە گرنگییەکی تایبەتی هەبوو کە هەوڵ دەدەین بە کورتی تیشك بخەینە سەر هێندێك لایەنی ئەم بایەخ و گرنگییانە.

بێگومان ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست یەکێك لە هەستارترین ناوچەکانی جیهانە و هەڵکەوتنی کوردستان لەم ناوچەیە و دۆخی مێژوویی و سیاسیی گەلی کورد تێیدا، گرنگیی ئەزموونی حکوومەتێکی کوردی چەند قات زیاتر دەکا. بەچاوخشاندن بەسەر وڵاتانی ناوچەکە و دەوروبەری کوردستان و هەروەها ئەم وڵاتانەی خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە و هەڵسەنگاندنی ڕادەی دیموکراسی و ئازادی تێیاندا، دەتوانین بەراوردێکی سەرنجڕاکێش لە نێوان ئەم دوو لایەنەی بەراوردکردنەکەماندا بکەین.

باسی دیموکراسی و هەڵبژاردن لە نێو وڵاتانی عەرەبیدا ڕەنگە زۆر ئاڵۆز نەبێ و هەر لە دوورەوە دیارە کە دۆخ و مێژووی هەڵبژاردن بە گشتی لەم وڵاتانەدا چۆنە. هەڵبژاردن لە وڵاتانی عەرەبیدا لە چاو مێژووی حکوومەتدارییان، مێژوویەکی کورتی هەیە و ئەو نیمچە هەڵبژاردنانەش کە تا ئێستا و لە ژێر گوشاری قورسی ڕای گشتیی جیهان و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی ئەم وڵاتانەدا بەڕێوەچوون ئەوەندە لاواز و پڕ



کەموکوڕین کە ناکرێ وەك نیشانە و نموونەیەکی بەرچاو لە مێژووی دێموکراسیدا وەبەرچاو بگیرێن. هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر لە هێندێك لە وڵاتە گەورەکانی عەرەبدا ژنان نەك هەر مافی خۆپاڵاوتنیان نەبوو، بەڵکوو تەنانەت مافی دەنگدانیشیان نەبوو و، لەم دواییانەدا مەسەلەی بەشداریکردنی ژنان لە هەڵبژاردندا وردە وردە هاتۆتە نێو باسە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانەوە.

تورکیەش بەهۆی ئەوەی بەشێك لەو وڵاتە لە نێو خاکی ئورووپا هەڵکەوتوە و بە دەروازەی ئورووپا بۆ ئاسیا دەژمێردرێ و هەروەها بە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتە لە هەوڵی چوونە نێو یەکیەتیی ئەورووپا دایە و بەزۆر هۆی دیکەوە شێوەیەك لە دێموکراسیی تێدا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام لەم وڵاتەشدا بەهۆی زاڵبوونی شۆڤێنیزمی تورك و دیکتاتۆریی کەمالیستی و پێشێل کرانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد کە گەورەترین پارچەی خاکەکەی لەم وڵاتەدا هەڵکەوتوە هەمیشە هەڵبژاردنەکان و پرۆسەی دێموکراسی هێمایەکی پرسیاریان لەسەر بووە.

لە هەمووی ئەو وڵاتانە ئاڵۆزتر وڵاتی ئێرانە کە بە مێژووی زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ شارستانییەت و حکوومەتدارییەوە، شۆڤێنیزمی فارس دەرفەتی سەرهەڵدانی لە گەلانی دیکە بڕیوە. شۆڤێنیستەکان ئێران بە پێشەنگی ژیار و شارستانییەت نەك هەر لە ناوچە بەڵکوو لە جیهانیشدا دەناسێنن. بەڵام ئەمڕۆ لە سەدەی ٢١دا و دوای زیاتر لە سەدساڵ هەبوونی حکوومەت بە شێوازی مۆدێرن و تێپەڕینی زیاتر لە سەدەیەك بەسەر شۆڕشی مەشرووتەدا، ئەمڕۆ دەبینین ئێران بەدەست دیکتاتۆرییەکەوە دەناڵێنێ کە نەك هەر بۆ گەلانی پێکهێنەری ئەم وڵاتە بەڵکوو بۆ هەموو جیهان بۆتە کێشە و گرفتێکی گەورە. لەم وڵاتەدا کە ڕێبەرانی ئیدیعا دەکەن ئازادترین و دێموکراتیکترین دەوڵەتی جیهانیان هەیە و دێموکراسیی ئیسلامی زیاترین ئازادیی بۆ مرۆڤەکان دابین کردوە!، هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لەماوەی سی ساڵی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوەچوون و دوایین هەڵبژاردنیش هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆك کۆماری لە ٢٢ی جۆزەردانی ئەمساڵدا بوو. بەڵام داخوا ئەم هەڵبژاردنانە دەچنە خانەی هەڵبژاردنی ئازادو ئایا سیستەمی دەسەڵاتداری لە ئێران دەچێتە خانەی سیستەمێکی دێموکراتیکەوە؟!

هەر وەك لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەی پێکرا تەنیا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن نابێتە نیشانەی دێموکراسی و ڕەوابوونی نیزامێك. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە هەڵبژاردنی ئازاد کۆمەڵێك مەرج و نیشانەی هەیە کە هیچکامیان لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا بەرچاوناکەون. هەڵبژاردنی ئازاد بە مانای بوونی ئازادیی تەواو لە هەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردن واتە خۆپاڵاوتن، بانگەشەی هەڵبژاردن و دەنگداندایە. بەڵام داخوا لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا ئازادی لە کام یەك لەم قۆناغانەدا دەبینرێ! هەر لە یەکەم قۆناغدا دەبینین کە ئازادیی خۆپاڵاوتن نیە و، هەموو لایەن و گرووپ و تاکەکان مافی ئەوەیان نیە خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان بپاڵێون و، ئەوە شووڕای نیگابانە کە دیاری دەکا کێ و چ لایەنێك مافی ئەوەی هەیە وەك پاڵێوراو بێتە مەیدانی ڕکەبەرایەتیی هەڵبژاردنەوە. بەو پێیە دەبینین کە تەنیا کەسانی جێی متمانە و پەسندی نیزام لە یەکەم قۆناغی هەڵبژاردن دەردەچن. بەمجۆرە و بە شێوەیەکی ئۆتوماتیك ئازادی لە قۆناغی سێیەمی هەڵبژاردن واتە قۆناغی هەڵبژاردنیشدا ژێرپێ دەنرێ و بە کردەوە دەنگدەران مافی ئەوەیان لێ دەستێندرێتەوە کە دەنگ بە پاڵێوراوی دڵخوازی خۆیان بدەن و، تەنیا دەتوانن دەنگ بدەن بە پاڵێوراوی دڵخوازی نیزام. بەم پێیە ئازادیی قۆناغی دوویەمی هەڵبژاردنیش چارەنووسەکەی دیارە و، ئاشکرایە کە چ بانگەشەیەك لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا دەکرێ و سنووری ئازادیی پاڵێوراوان لە ماوەی دیاریکراودا بۆ بانگەشەکانی هەڵبژاردن هەتا کوێیە. جگە لەمانە دەبێ ئەو خاڵەش بە هەڵبژاردنەکانی ئێرانەوە زیاد بکەین کە هەرگیز ڕێگەیان نەداوە نەك چاوەدێرانی بیانی و نێونەتەوەیی بەڵکوو چاوەدێرانی سەربەخۆی ئێرانیش چاوەدێری بەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا بکەن. هەمووی ئەمانە ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە ئەگەرچی لە ئێراندا هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بەڕێوەدەچێ، بەڵام ئەم هەڵبژاردنانە فریان بەسەر هەڵبژاردنی ئازادەوە نیە و هیچ مەشروعییەتێکیان بۆ نیزام لێ ناکەوێتەوە.

هەروەك گوترا دوایین هەڵبژاردن لە ئێراندا هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆك کۆماری بوو کە لە ٢٢ی جۆردانی ئەمساڵدا بەڕێوەچوو. ئەم هەڵبژاردنە وێڕای ئەوەی هەموو ئەم کۆت و بەندو کەندوکۆسپانەی سەرەوەی لەبەردەم بوو، بەڵام دیسانیش ئەو ئاکامەی لێ کەوتەوە کە نزیك بە ٥٠ ڕۆژە سەرنجی ڕای گشتی و ڕاگەیەنەکانی هەموو دنیای بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. هەموو جیهان دیتیان کە ڕێژیمی زاڵ بەسەر وڵاتی خاوەن ژیاری چەند هەزار ساڵەی ئێراندا! تەنانەت ئاکامی ئەو شێوە هەڵبژاردنە بەرتەسك و سنووردارەشی پێ تەحەمول نەکرا و کودیتای لە دەنگی خەڵك کرد و ناڕازییانی ئاکامی کودیتای بە درندانەترین شێوە دایە بەر پەلامار و شەقامەکانی ئێرانی شەڵاڵی خوێنی لاوانی ئازادیخوازی ئەم وڵاتە کرد.

لەوەها بارودۆخێکدا و لەم ناوچە پڕ کێشە و گێروگرفتەدا، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد لەنێو گەلێکی زۆرلێکراو و بەشخوراوی وەك گەلی کورد، لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا بایەخ و گرنگییەکی تایبەتی هەیە. بۆ گەلی کورد کە خاکەکەی بە زۆر و بێ ئیرادەی خۆی بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە و لە هیچ کام لەم چوار بەشەشدا هیچکات کەمترین و سەرەتاییترین مافەکانی وەك نەتەوەیەك پێ ڕەوانەبینراوە و سەدان ساڵە بۆ دابینکردنی ئەم سەرەتایی ترین مافانە خەبات دەکا و خوێن و قوربانی دەبەخشێ، ئەم هەڵبژاردنە و هەڵبژاردنەکانی دیکە گرنگی و بایەخێکی لەڕادەبەدەریان هەیە.

بە چاوخشاندنەوەیەك بەسەر بەڕێوەچوونی ئەم خولەی هەڵبژاردنەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبینین هەڵبژاردنەکان بە پێی ئەو پێوەرانەی لەسەرەوە باس کران هەڵبژاردنێکی بە تەواوی ئازاد بوون. خەڵکی کوردستان لە هەر سێ قۆناغی هەڵبژاردندا ئازادیی تەواویان هەبوو. لە قۆناغی خۆپاڵاوتندا هیچ مەرج و بەربەستێك بۆ هیچ لایەن و حیزب و تاکێك لە ئارادا نەبوو و هەموو لایەك ئازادبوون خۆ بپاڵێون. لە قۆناغی بانگەشەکردنیشدا ئازادی بە تەواوی بۆ هەموو لایەنەکان هەبوو کە بانگەشە بۆ خۆیان و بەرنامەکانیان بکەن بێ ئەوەی لە لایەن هیچ کەس و لایەنێکەوە بکەونە ژێر گوشار و لێپرسینەوە. لە قۆناغی سێیەمیشدا خەڵکەکە بەوپەڕی ئازادییەوە و بێ ئەوەی لە لایەن هیچ کەسێکەوە بکەونە بەر گوشار دەنگیان بە کاندیدای دڵخوازی خۆیان دا. بوونی ٤٥ هەزار چاوەردێر کە ١٦ هەزار کەسیان لە لایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ٢٧ هەزاریان هی حیزب و لایەنە بەشدارەکانی هەڵبژاردن بوون و ژمارەیەکی زۆر چاوەدێری بیانی و هەروەها ٢ هەزار ڕۆژنامەنووسی نێوخۆیی و بیانی یەکێکی دیکە لە مەرجەکانی هەڵبژاردنی ئازاد و خاڵێکی بەرچاو و پۆزێتیڤی ئەم هەڵبژاردنانە بوون.

بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن بەو شێوە ئازاد و دێموکراتیکە بێ ئەوەی چووکترین کێشەی ئەمنییەتی ڕوو بدا، لە حکوومەتێکدا و بۆ گەلێك کە ئەزموونی حکوومەتداریی بە شێوەی مۆدێرن کەمتر لە ٢٠ ساڵە، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچە و جیهان نەك هەر سەرکەوتنێکی بێ وێنەیە بۆ ئەزموونی حکوومەتداری لە باشووری کوردستان، بەڵکوو سەرکەوتن و شانازییەکی گەورەشە بۆ گەلی کورد بە گشتی. لەخۆڕا نیە کە زۆریەك لە چاوەدێرانی سیاسی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بە نموونەیەك بۆ ناوچەکە بە گشتی و بۆ عێراق بە تایبەتی دەزانن.

بێ گومان ئەم ئەزموونە و ئەم پرۆسەیە وەك هەموو دیاردەکانی دەستکردی مرۆڤ بێ کەموکوڕی نابێ و لەوانەیە هێندێك گرفتی چووکەش لە ئاستی تاکەکاندا ڕوویدابێ کە نەك هەر لە ئەزموونی ساوای گەلی کوردا بەڵکوو لە پیرترین و کۆنترین دێموکراسییەکانیشدا شتی لەوانە گەورەتر ڕوودەدەن، کە دیارە دەبێ هەوڵ بدرێ جار بە جار کەمتر ببنەوە و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دووپات نەبنەوە. لەم پێوەندییەشدا بێ گومان ناوەندی چاوەدێری خاوەن سەڵاحییەت بە سکاڵاکاندا دەچنەوە و کاری پێویستیان بۆ دەکرێ. بەڵام ئەو ئەرکەی ئەم ئەزموونە دەیخاتە سەر شانی گەلی چەوساوە و ئازارچێشتووی کورد ئەوەیە کە لە پێناوی پاراستنی دەسکەوتی دەیان ساڵ خەبات و بەرهەمی خوێنی شەهیدەکانماندا و بۆ دەوڵەمەندتر کردن و باشترکردنی ئەم ئەزموونە کە لە ڕاستیدا بڕینی ڕێگەی سەدان ساڵەی دێموکراسی لە ماوەی کەمتر لە ٢٠ ساڵدایە، بەوپەڕی هەست بە بەرپرسیارێتی کردنەوە تێبکۆشن و بە ڕووحێکی یەکتر قەبووڵکردنەوە هەوڵ بدەن لە چوارچێوەی حکوومەتی دێموکراتیکی پێکهاتوو لە هەموو لایەن و ڕەنگەکاندا پرۆسەی دێموکراسی بەرەوپێش بەرن. هەروەك توانیان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا حەماسەیەك بخولقێنن کە براوە سەرەکییەکەی گەلی کورد و ئەزموونی دێموکۆاسی بوو. لەدوای هەڵبژاردنیش پرۆسەی پێکەوە کارکردن بۆ پەرەپێدانی دەسکەوتەکان و هێنانەدیی چاوەڕوانییەکانی خەڵك و، نەهێشتنی لاوازییەکان و کەم و کورتییەکان، درێژە پێبدەن. ئەگەر بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردنی ئازاد لە هەرێمی کوردستان، لەنێو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە دراوسێیەتیی وڵاتان و نەتەوەکانی بێبەشکراو لە دیموکراسیدا، جێگای شانازییە، پاراستنی دەسکەوتەکانی خەباتی چەندین ساڵەی نەتەوەی کوردیش کە ئەمڕۆ لە حکوومەتی هەرێم و پارلمانی کوردستان و یاسا و دەسەڵاتی دیموکراتیکدا، خۆی دەبینێتەوە، پێویستییەکی مێژووییە. زۆر گرنگە کە لە یەك کاتدا هەم ڕوویەکی گەش و جێگای شانازی لەم ئەزموونەی کوردستان بە دنیا نیشان بدرێ، هەم ئەو پیلانانە پووچەڵ بکرێنەوە کە دوژمنانی ئەم ئەزموونە، لە دژی گەلی کورد بەردەوام خەریکی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنیانن.

## ئاکام پورخزری:

# فێر بووم لە سەرپێی خۆم ڕاوەستم و لە سەخترین کاتەکانی ژیان دا خۆم نەدۆڕێنم

لاوی دێموکرات ئاکام پوورخزری لە دایك بووی ١٣٦٦ ـ (١٩٨٧) ی ئەستێرۆکانی بناری قەندیلە. ئاکام، چوار پێنج مانگانە بوو کە بابی بە هۆی هێرشی هەوایی فرۆکەکانی رێژیمی ئێران بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە دەست دا. ئاکام ١٤ ساڵان دەبێ کە خاتوو حەلیمەی دایکی بڕیاری چوونە دەرەوە دەدا و بەرەو تورکیە وەڕێ دەکەون. لەوێ خۆیان بە un دەناسێنن و وەك پەنابەر وەردەگیرێن. پاش ٥ ساڵ چاوەڕوانی و ژیانێکی سەخت و ناخۆش لە تورکیە، ئاکام بڕیار دەدا بەڕێی قاچاغ دا بڕوا بۆ ئوروپا و سەرەنجام دوای چەندین رۆژ بڕینی رێگای سەخت و پڕ لە رووداوی ترسناك دەگاتە وڵاتی نۆروێژو ئێستا لەوێ وەك پەنابەر دەژی. ئاکام بۆ پشووی هاوینیی گەڕاوەتەوە نێو کۆڕی لاوانی دێموکرات لە کوردستان. ئێمەش بە دەرفەتمان زانی ئەم وتووێژەی لەگەڵ بکەین.



**پ: دەکرێ هێندێك لەم رووداوانەمان بۆ باس بکەی کە لە رێگادا بەسەرت هاتن؟**

و: لە رێگادا زۆر رووداوی سەیرو ترسناك هەبوون کە جاری وایە ئێستاش کە بیری لێدەکەمەوە پێم سەیرە کە ئێستا چۆن ماوم. ئێمە لە رێگادا ٤٦ نەفەر بووین کە تەنیا ٦ نەفەرمان دەرچووین ٣٩ نەفەرمان گیران و ١ نەفەریش بەداخەوە بەهۆی برسێتییەوە گیانی لە دەست دا. بەداخەوە قاچاخچییەکان بە هێندێکیان گوتبوو کە ١ رۆژمان پێ دەچێ بۆیەش ئەوان خواردنیان کەم پێ بوو لە رێگاش ئێمە خواردنمان لەگەڵ بەش دەکردن بۆیە زوو خواردنمان لێبڕا و چەند رۆژێك هیچمان پی نەما بۆ کە فشارێکی زۆرمان بۆ هاتبوو.

**پ: زۆرجار باس لە قۆڵبڕی قاچاخچییەکان دەکرێ، ئەتۆ چ کردەوەیەکی ناڕەوات لە قاچاخچییان دیوە؟**

و: من شتێکی وام لە قاچاخچییەکان نەدیت بەڵام رەفتاریان زۆر ناحەز بوو لەگەڵ ئێمە، هێندێك جنێویشیان پێ دەداین یان چەند جارێك لە هێندێکیشیان دا. ئێمە نەماندەتوانی هیچ بکەین چونکە دەترساین بەجێمان بێڵن.

**پ: ئەو لاوانەی لە رێگادا هاوسەفەرت بوون، هی چ وڵاتێك و سەر بە چ نەتەوەیەك بوون؟**

و: هاوسەفەرەکانمان زۆرتری کورد بوون، کوردی باشوور، خەڵکی ئەفغانستان، پاکستان و عەرەبی عێراقیشمان لەگەڵ بوو.

**پ: چەند جار هەستت بە مەترسیی مردن کرد؟ لەو کاتەدا پێت وابوو سەفەر بۆ ئورووپا، ئەرزشی ئەم خۆلەمەترسی خستنەی هەیە؟**

و: پێم وابێت ٢ جار، جارێکیان کە زۆر برسی بووین، جارێکیان لە چۆمێك کە زۆر قووڵ و خوڕێن بوو دەپەڕینەوە کە بە خۆشییەوە هیچمان لێ نەهات. پێم وایە ئەرزشی ئەوەی نیە. چونکە گیانی ئینسان زۆر گرینگترە.

**پ: لەم سەفەرەدا خۆت و هاوسەفەرانت چۆن یارمەتیی یەکترتان دەدا؟ لە باری خواردن، یارمەتیی یەکتر لە رێ رۆیشتن دا، جلوبەرگ و پێخەف ....؟**

و: لە رێگادا چەند نەفەرێکمان لەگەڵ بوو کە زۆر قەڵەو بوون و نەیاندەتوانی بە رێگادا بڕۆن زۆرمان یارمەتی دان، کاتێك کە هێندێك لە هاوسەفەرانمان خواردنیان لێ بڕا خواردنمان لەگەڵ دابەش دەکردن.

**پ: لەو کاتانەدا کە مەترسیی مەرگ لێتان نزیك دەبۆوە، زیاتر بیرت لە چ کەسانێك دەکردەوە، چ فکرێك بە مێشکت دا دەهات؟**

و: زۆرتر بیرم لە بنەماڵەکەم دەکردەوە بەتایبەتی دایکم. وەك بیر کردنەوە لە شتێك دەتوانم بڵێم زۆرتر بیرم لە خۆ رزگار کردن دەکردەوە.

**پ: ئایا مەرگی هیچ کەسێك لە پەناخوازانت بە چاوی خۆت دیت؟**

و: بەڵێ هەروەك پێشتر باسم کرد کوڕێکی پاکستان کە پێم وایە موعتاد بوو و دوای ئەوەی چەند رۆژێك بوو کە خواردنمان پێنەمابوو بە داخەوە گیانی لە دەست دا و من و کوڕێکی خەڵکی هەولێر ناشتمان بەڵام لەو مەسەلەیە تەنیا ٥ نەفەرمان ئاگادار بووین چونکە ئەوانی دیکە لە شوێنێکی دیکە نوستبوون و قاچاخچی هەڕەشەی لێکردین کە نابێت کەس بزانێ بۆیە ئێمەش هەر باسمان نەکرد.

**پ: دەکرێ بڵێین ئەو هەلومەرجە سەختەی هەر لەتەمەنی منداڵییەوە تۆی تێدابووی و رێگەیەکی سەختیشت بڕی تا گەیشتی بە ئورووپا، ئەمانە چ کاریگەرییەکی لە شکڵ گرتنی کەسایەتی تۆدا هەبووە؟ واتە کەسایەتی خۆت ئێستا چۆن پێناسە دەکەی؟**

و: لە تورکیە ٥ ساڵ لە خوێندن دوا کەوتم و سەخترین ساڵەکانی ژیانم لەوێ بەسەر بردو زۆرم سەختی دیت. تەجروبەیەکی زۆرم کۆکردەوەو فێر بووم کە چۆن لە سەرپێی خۆم راوەستم و لە سەخترین کاتەکانی ژیان دا خۆم نەدۆڕێنم. بە قەولی فارسەکان دەڵێن "پوختە" بار هاتووم. ئێستا کە گەیشتوومە نۆروێژ دەتوانم بەباشی لەو هەلانەی کە دەرەخسێن ئیستیفادە بکەم و قەدریان بزانم و بۆ زۆربەی بوارەکانی ژیان بۆ خۆم بڕیار دەدەم.

**پ: باسی وەرگیران لە کەمپ و ژیانی نێو کەمپمان بۆ بکە:**

و: کەمپەکان بە گوێرەی وڵاتەکانی ئورووپا دەگۆڕێن، لە نۆروێژیش کەمپەکان لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە فەرق دەکەن، هێندێکیان ئیمکاناتیان زۆرەو هێندێکیان ئیمکاناتیان کەمە، ئەو کەمپەی منی لێ بووم ١٦٠ نەفەری لێ بوو لە زۆربەی نەتەوەکانی لێ بوو بەڵام بەرپرسان هەوڵیان دەدا کە ئەو کەسانەی کە لە یەك نەتەوەن لەگەڵ یەك بیانخەنە ژوورێك. من لەگەڵ دوو کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژوورێك دا بووم، مانگانە ٣٠٠٠ کرۆنیان دەدایێ کە بۆ خواردن و خەرجی خۆمان بوو. و پێم وایە پوولێکی زۆر نیە بەڵام تا رادەیەك ئەگەر ئینسان هەوڵی دابا بەشی دەکرد و من کەمێکیش پاشەکەوتم دەکرد.

**پ: ئاگادارم عەلاقەت بە کاری هونەری هەیە، چۆن بوو رووت لەم کارە کردوە، کێ هاندەرت بووە لەو بارەوە؟**



و: بەڵێ وایە من زۆرم عەلاقە بە موسیقی هەیە بەتایبەتی موسیقیی سوننەتی. بابم کە هونەرمەندێك بووەو دەنگی خۆش بووە بە داخەوە کە نەمدیتوە، دایکیشم هەمیشە هەوڵی دەدا کە بچمە کلاسی موسیقی. بەڵام خۆم کەمێك لەو بوارەدا کەمکاریم دەکرد. زۆر عەلاقەم بە ئامێری زەرب هەیەو بویەش لە تەمەنی ١٣ ساڵی دەستم پێکرد. کە یەکەم جار چوومە لای کاك عەبدوڵڵا سیگارچی بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە هەولێر دەمخوێند نەمتوانی بەردەوام بم و تەقریبەن ١٤ رۆژ چووم و توانیم هەندێك شتی سەرەتایی فێربم. کە لە تورکیە بووم لە بەر هەلومەرجی ئەوێ نەمتوانی بەردەوام بم، بەڵام کە گەیشتمە نوروێژ لەگەڵ کوڕێك کە خەڵکی شاری مهابادە ئاشنا بووم کە ئوستادی زەربەو زۆریش ئینسانێکی بەڕێزە بە نێوی "کاوەی مەحموودیان". بە خۆشییەوە لە لای ئەو توانیم دەست پێ بکەمەوەو ئەویش زۆر دڵسۆزانە دەرسەکانی پێ دەگوتم و ئێستاش مانگی دوو جار دەچم بۆ لای و دەرسی نوێ وەردەگرم و جێگای ئەوەیە کە لێرەشدا بێت سپاسێکی تایبەتی بکەم چونکە وەکوو ئوستادێکی دڵسۆز خۆی لەگەڵ من ماندوو کردوە.

**لە کۆتاییدا چ قسەیەکت هەیە بۆ ئەو لاوانەی لە کوردستانن و ئارەزووی چوونە دەریان هەیە؟**

و: زۆر جار کە لە نێو لاوەکان گوتوومە لە کوردستانیش ئینسان دەتوانێت خۆی پێ بگەیەنێت گوتوویانە ئەگەر راست دەکەی بۆ ناگەڕێیەوە، دیارە حەقیان پێ دەدەم بەڵام لە راستیدا لێرەش ئەو ئیمکاناتە هەیە بەڵام کەمێك هەوڵ و ئیرادەی دەوێت کە خۆیان پێ بگەیەنن و بتوانن کەسێکی بە کەڵك بن بۆ کۆمەڵگە.

**بۆ ناردنی بابەتەکانتان بۆ لاپەڕەی کۆمەڵایەتی پێوەندی بەم ئیمەیلەوە بگرن:**

komelayeti@hotmail.com

# راکردن یان راوکردنی سەرمایەکان

عەلی بداغی

رووداوە سیاسییەکانی دوای کودیتای هەڵبژاردنی دەیەمین خولی سەرۆك کۆماری لە ئێران لە زۆر لاوە کاریگەریی لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران داناوە. یەکێك لەو کاریگەرییانە هاتنەوە بەرباس و تین و گوڕ بەخشین بە دیاردەی کۆچ بۆ هەندەران و جێهێشتنی وڵاتەکەیان بەتایبەت لە نێو توێژی لاوان و خوێندەوارانیدا زیاتر بەرهەست و دیارە. رۆژنامەی "مردم سالاری" بە ئاماژە بە وتووێژێکی "بریتاباروون"، راگری کولیژی "ئالبێرتۆ"ی کانادا لەگەڵ هەواڵدەریی ئاسۆشیتێد پرێس باس لە شاڵاوی خوێندکارە ئێرانییەکان بۆ سەر زانکۆکانی ئەو وڵاتە دەکاو دەنووسێ کە رێژەی وەرگیرانی خوێندکارە ئێرانییەکان لە هاوینی ئەوساڵداو بۆ خوێندنی ساڵی نوێی زانکۆکان ٦٠ لە سەد زیادی کردوە. دوکتور بریتا بارون لە حاڵێکدا کە پێخۆشبوون و خۆشحاڵیی خۆی لە وەرگرتنی بژاردەکانی ئێران ناشارێتەوە، بە ئاسۆشیتێد پرێس دەڵێ رووداوە سیاسییە نێوخۆییەکانی چەند مانگی رابردووی ئێران کاریگەریی زۆری لەسەر ئەو دیاردەیەو بێ هیوا کردنی لاوانی ئێران لە ژیان لەو وڵاتەدا کردوە، ناوبراو دەڵێ زۆربەی نیزیك بە تەواوی ئەو خوێندکارە ئێرانییانەی ئێمە وەرمان گرتوون، ئاستی زانستیی بەرزیان هەیەو خزمەتی شایان بە پاشخانی زانستیی وڵاتەکەمان کانادا دەکەن.

دیاردەی کۆچ و گۆڕینی شوێنی ژیان دیاردەیەکی سروشتی و کۆنباوی کۆمەڵایەتییە، بەڵام ئەوەی کارناس و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانی تووشی نیگەرانیی زۆر کردوە، پەرەسەندنی رۆژ لە دوای رۆژ زیاتری ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگەی ئێران دایە کە لە تەنیشت کەمتەرخەمی و بە هێند نەگرتنی کاربەدەستانی حکوومەتەوە، ئەوە کۆمەڵکەی ئێرانە کە دەبێ تێچووی زۆرو زەوەندی ئەو کۆچ و کۆچبارو راکردنی سەرمایە فیکری و هزرییەکانی وڵات بداو بە تایبەت کە کۆچی زیاتر لە ٩٠ لە سەدی ئەو بژاردانە، کورد گوتەنی "سەفەری بێ گەڕانەوەیە". یەکێك لە گرفتەکانی بەردەم ئەو دیاردەیە شاراوە مانەوەی ئەو خەسارە کۆمەڵایەتییە کە سەرەڕای ئەوەی لە ساڵدا نیزیك بە ٢٥٠ هەزار کەسی خوێندەواری خاوەن بڕوانامە، کۆمەڵگەی ئێران جێ دەهێڵن، بەڵام هێشتا کارناسانی هێزی مرۆیی و کاربەدەستانی حکوومەتی یا لە مەترسیی ئەو کێشەیە تێ ناگەن و تێ نەگەیشتوون، یان بە خەمساردییەوە لە تەنیشتی تێپەڕیون.

رەوتی راکردنی بژاردەکانی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی رێژیمی ئیسلامیی ئێراندا سێ قۆناغی زەمەنیی بڕیوە:

ـ شەپۆلی یەکەم رۆژەکانی سەرەتای کلپە ئەستاندنی شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکرد کە بەشێکی بەرچاو لە بژاردەکان و هێزی کاری پسپۆر لە بەشەکانی دەوڵەتی و گشتیدا لە ترسی توندوتیژییەکانی شۆڕش و سەرهەڵدانە خوێناوییەکەی ئەوکاتی ئێران ملی رێگەی هەندەرانیان گرت. بایەخی دۆلاریی ئەو قۆناغە لە کۆچباری بژاردەکانی ئێران بە چوار سەد میلیارد دۆلار لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویدا مەزەندە کراوە.

ـ شەپۆلی دوویەمی راکردنی بژاردەکانی ئێران هاوکات بوو لەگەڵ دەسپێکی شەڕی ئێران و عێراق و پاکانە حیسابە نێوخۆییەکانی ئێران. بەشی هەرە زۆری هێزی مرۆیی پسپۆرو ئاکادیمیی وڵات کە بە تایبەت بەشێکی زۆریان دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ نێوخۆی وڵات گەڕابوونەوە، لەو قۆناغە زەمەنییەی ٨ ساڵەدا ئێرانیان چۆڵ کردو لە وڵاتە سەنعەتی و خاوەن سیستمە سیاسییە سەقامگیرەکاندا گیرسانەوە.

شەپۆلی سێیەمیش کە بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا رەوتێکی خێرای بە خۆیەوە گرتوە تایبەت بە قۆناغی دوای شەڕی ٨ ساڵەو ئاڵۆزییە سیاسییەکانی ئێران و دیارکەوتنی قەیرانە ئابووری و زانستی و کۆمەڵایەتییەکانی نێوخۆی وڵاتە. سەیر ئەوەیە کە لە کاتێکدا بە پێی ئاماری رەسمی ٩٢ لە سەدی لاوانی سەرکەوتووی ئێرانی لە ئولەمپیادە زانستی و تەکنیکییە نێودەوڵەتییەکاندا لەسەر پێشنیاری زانکۆکانی دەرەوەی وڵات، ئێران بە جێ دێڵن و بە تاق و لۆقەش ناگەڕێنەوە، بەڵام کاربەدەستانی حکوومەتی وەك نە بایان دیبێ و نە بۆران و نەك لە خەمی مشوورخواردنێکی ئەو کارەساتەدا نین، بەڵکوو بەشێکی سەرەکی لە پلانڕێژانی سیاسیی وڵات خۆشحاڵیی خۆشیان لەو دۆخەو لە پاکژ! کردنەوەی کۆمەڵگەی ئێران ناشارنەوە.

بەڵام لە جێدا هێنانەگۆڕێی ئەو پرسیارە ئەگەر چەند پاتەش بێ هەر پێویستە کە بۆ ئەو رەوتی کۆچکردنە هەر بەردەوامە؟ دوو هۆکاری سەرەکیی "پاڵ پێوەنان" و "راکێشان" کۆمەڵگەی ئێرانی تووشی قەیرانی راکرنی مێشکەکان و کۆمەڵگەی دەرەوەشی پشکدار لە قازانجی راوکردنی مێشکەکان کردوە:

هۆکارەکانی پاڵ پێوەنان: نەبوونی دەرفەت و ئیمکاناتی درێژەپێدان بە خوێندن، کەمبوونی ئیمکاناتی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو نزمبوونی ستانداردەکانی توێژینەوە زانستی و فەننییەکان، ناهاوسەنگ بوونی داهات و دەرکەوتەکانی ژیان، نەبوونی دەرفەتی کاریی شیاو بە پێی تواناو کار لێهاتوویی، نەبوونی ئازادیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و دادپەروەری لە خوێندن و کار پی ئەسپاردن و دامەزراندن بەشێك لە هۆکارەکانی پاڵپێوەنانی بژاردەکان بۆ بیرکردنەوە لە راکردن بۆ دەرەوەی وڵاتن.

بەڵام هۆکارەکانی راکێشان تەواو پێچەوانەی ئەو دۆخەیە کە لە ئێراندا بە سەر توێژی بژاردەی کۆمەڵگەدا سەپێندراوە. زۆربەی نیزیك بە تەواوی پسپۆرانی ئاکادیمی و ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات گیرساونەتەوە لە ژیان و دۆخی خۆیان رازین، چونکی: دەرفەتی درێژەپێدان بە خوێندنیان وەك یەك هەیە، لە بواری ئابوورییەوە خۆش بژێوو بێگرفتن، ئەمنییەتی شوغلی و سیاسیی تەواویان هەیە، بە پێی کار لێهاتوویی و بە بێ جیاوازیدانان دەرفەتی کار وەرگرتن و دامەزرانیان هەیە، سیستمی پەروەردەیی و خوێندنی باڵای وڵاتانی دەرەوە کاراو بەردەوام روو لە گەشەو هەڵکشان دایەو ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەیە.

زۆر سروشتییە کە بۆ مرۆڤێکی گۆڕانخوازو ئارمانخواز جیاوازیی ئەو دوو ژینگەیە کاریگەریی لەسەر چێکردنی داهاتووی ژیان و کاری دابنێ و سەرەڕای هەموو خۆشەویستی و هۆگری و ئینتماکەی بۆ وڵات و نیشتمانەکەی بیر لە خۆرزگارکردن و خۆدەربازکردن بکاتەوەو لە پێناو گەیشتن بە یۆتوپیاکەی هەموو ئەو سنوورو کەندو کۆسپانە ببەزێنێ.

# قەڵای پیرۆز

## پێشکەش بە هونەرمەندی جوانەمەرگ سمایل سەردەشتی

بێبەش

ڕۆژانە چرۆ دەپشکوێن و هەر ئەو کاتەش دوایین گەڵای داری تەمەن هەڵدەوەرێ. گەڵای وەریو ورد دەبێ و دەبێ بە خاك و بە دەم بای فەرامۆشییەوە بەرەو ئەبەدەییەت دەڕوا.

زۆر جارانیش هەڵ دەکەوێ شوورەیەکی قایم قایم یان قەڵایەك بای بێڕەحمی و فەرامۆشی رادەگرێ و بە چۆکی دادێنێ. زیاتر گەڵای ئەو دارانەی بە سێبەری فێنك و خۆشیان ماندوویەتی ڕێبوارانی ڕێی ژیانیان خواردۆتەوە، یان جێ ژوانی کیژو کوڕانی عاشقیان خەملاندوە، زیاتر گەڵای ئەو دارانەی لە بەریان، برسیانی حەقیقەت ڕۆژوویان شکاندوە قەڵای وایان پێ دەبڕێ.

چ پیرۆزە ئەو قەڵایە، پیرۆز هەر وەك خۆشەویستیی مرۆڤەکان، پیرۆز هەر وەك دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی چاوی داپیرەو باپیران کە لە سۆزی حەزینی حەیرانێکەوە هەڵ دەقوڵن.

چ قایمە ئەو قەڵایە هەر وەك ئیمانی پێشمەرگە بە زەمانیش ناڕوخێت و لە بن نایە. تۆش کە پار ساڵ دوایین گەڵای عومرت وەری، پڕ بە باڵای چەمی کەڵوێ ئەشکی روونت بۆ هەڵوەری. زۆرن کەو بۆ راوی کەو دەقاسپێنن، زۆرن و زۆر ئەو دەنگانەی کۆڕی مەستانی بێ ئاگاو خۆپەرستی وەجۆش دێنن.

بەڵام چریکەی تۆ هاوڕێ، نەك قاسپەی کەو، نرکەی بەرزی پێشمەرگە بوو، بانگی رابوون و هەستان بوو، مژدەی هەڵدانەوەی ئاڵا لە مەیدانی چوارچرا بوو.

گوڵبارانی کۆشکی عاشقانی کوردستانی ئاوەدان و جوانت دەکرد. بە زێڕەوشانی بووکی نێو جەرگەی خەبات پشووی سەرچۆپیکێشی شایی شۆڕشت خۆشتر دەکرد، بۆیە هاوڕێ! دوای کۆچت چەمی ئەشکی روون هەڵوەری. بۆیە کاتێ دوایین گەڵای عومرت وەری، قەڵای پیرۆزت پێبڕاو فەرامۆشی بە چۆك داهات. ئەو قەڵایەت لێ پیرۆز بێ.

# چاوەڕوان...

هۆزان



ئێوارەیەو دانیشتووم لە بن سێبەری دارەکەی حەوشەمان و چاوم بڕیوەتە خەمە ریش سپییەکانی باوکم و وا هەست دەکەم کۆچی ناوەخت و یەکجاریی تۆ، ئەم زستانە بێ بەزەییەی تووش کردووە.

برای ئازیزم... بۆ پێم ناڵێی لە گەڵ کامە کاروانی خۆر بەرەو ئاسۆ وەڕێکەوتی؟ بۆ پێم ناڵێی لە سێبەری بەژنی کامە شۆڕەبیدا، یا لە کەناری کام کانی، دوایین خەونی خۆتت بینی؟ بۆ پێم ناڵێی سەرت کردە کام گاشەبەرد، چاوت بڕییە کامە لووتکە، ئەو کاتەی کە دوا هەناسەی حەزە قژ پەمەییەکانت بوو؟ برای ئازیز... ئاخر ماچت لە سەر گۆنام هەروا سەوزەو هیچ پاییزێك نایژاکێنێ... ئێستاش شیلە بزەی نەرم و هێدیت لە هەموو قوژبنێکی ماڵەکەمان بریسکەی دێ و بانگم دەکا... ئێستاش لە پڕ دەست دەدەمە پەرداخەکە و لام وایە تینووتە و کەچی کاتێ لەپڕ سەرهەڵدێنم مەودای دووری نێوانمان هەتا چاوانمان بڕ دەکەن تراویلکەی دابڕانە و هیچی دیکە... دەرگای ژووری دەکەمەوە، دانیشتووی و لە کەلێنی پەنجەرەوە چاوەکانت بڕیوەتە پێدەشتەکەی بەرماڵێمان وەك بڵێی تۆ بڕوانیتە لووتکەی بەرزی چیایەکی سەربەتەم و ئاڵایەکت وێنا کردبێ....

هەرچەند ساتێ دایکم و باوکم دەست دەکەنە مل تەنیاییەکانی خۆیان، من دەزانم، کە ئەو دووانە چوونەتەوە جێ هەواری ساڵانێکی دوور لە ئێستا و لەوانەیە ئێستا لەو خەیاڵەی دایەگیاندا تۆ کۆرپەڵەیەکی ساوای ڕەزا سووکی و ئەو چاوەڕێی گەورە بوونتە و بە ئاواتە لە جێژنی زەماوەندت دا سەرچۆپی کێشی داوەت بێ... یا گەورە بووی و تۆ لە پەنا بووکی تارا سوور دانیشتووی و دایکیشم بزەیەکی لەسەر لێوەو میوانانت بەخێر دێنێ... کە دەڕوانمە بابەگیانیش وا هەست دەکەم لە هەوارگەی ساڵانێکی لەدەستچوودا پیاسەدەکاو تامەزرۆیە تۆ گەورە بیت، یا لەوانەیە تۆ لە پێش چاوی گەورەیت، و ئەو بیر لەوە دەکاتەوە لە کوێ خانووت بۆ ساز بکا و کچی کامە گەورەماڵت بۆ بخوازێ؟!!؟

کاکە چ بکەم! بەدەست خۆم نییە بمبوورە، ئەو دیمەنە یا نەخێر ئەو خەیاڵانە قەت قەت بەرۆکم بەرنادەن... چ بکەم چۆنی فەرامۆش کەم ئەو ڕۆژانەی کە منداڵ بووم باوەشی تۆ هێلانەیەکی هێمن بوو تێیدا هەستم بە سەربەستی و خۆشی دەکرد... بزەی لێوت ئاسمانێك بوو هەر پەیامی خۆشەویستی لێ دەباری و دیارییەکانت نوقڵ بایە یا هەر شتێك... لە نێو هاوتەمەنەکانی خۆمدا لە خۆباییان دەکردم و شاییان لە دڵی بچووکی مندا دەگێڕا.

بەدەست خۆم نییە کاکە گیان... ئەو منداڵەی بۆ هەمیشە چاوەڕوانی بزەی تۆیە و تۆش سەرفەرێکی بێ گەڕانەوەت گرتە بەر، ئەو منداڵەی لە باوەشتا هەستی بە ئارامی دەکرد ـ خۆم گەورە بووم ـ کەچی ئەو منداڵە هەرگیز لە رووحمدا گەورە نابێ، ئەو منداڵە چاوەڕێتە و هەرگیز لە چاوەڕوانیی تۆ وەڕەز نابێ، ماندوو نابێ...

چاوەڕێتم،

برای ئازیزو خۆشەویست...

من زۆر زیاتر لە باوك و دایکی چاوەڕێم چاوەڕێتم....

# سوێند



ن: ڕەسووڵ سوڵتانی

بەر لەوەی خۆر یەکەم سروودی کازیوەی بۆ ترۆپکی چیا بچڕێ...

بەر لەوەی شاخ گوێ لە چیرۆکی خوێناویی سەنگەرێکی دڵپڕ بگرێ....

بەر لەوەی خاك لە ژێر ترپەی ناپیرۆزی پۆستاڵێکی داگیرکەردا دڵی داخورپێ

بەر لەوەی شەو، بۆ خنکاندنی ئەستێرەکان پیلانێکی ڕەش داڕێژێ...

بەر لەوەی ڕۆژ بەیاننامەی لەقاودانی دەهۆی ڕەشی شەوگارەکان بڵاو بکاتەوە...

ئێوە هاتن...

سەنگەرتان ڕاهێنا، کە چۆن لە ڕەهێڵەی گوللەباران و وەیشوومەی ڕۆژی ڕەشا خۆڕاگربێ و چاو لە گوللە نەترووکێنێ...

ئێوە هاتن و تیرێژی خۆرتان ڕاهێنا، کە چۆن لێوی، بنێ بە لێوی برینی پێشمەرگەی زاماردا...

ئێوە هاتن و خاکتان فێر کرد کە چۆن تەرمی سووری شەهید، هێند ئارام و بە ئەسپایی بگرێتە خۆی، چڵە ڕیحانەی خەونە تەڕو سەوزەکانی نەژاکێنێ...

ئێوە چیاتان ڕاهێنا کەچۆن سەر لەبەر ئەو نووکە پاچ و پێمەڕەیە دانەوێنێ کە بۆ سەنگەر سینگی دەدڕن....

ئێوە خاکتان لە فەلسەفەی خەبات گەیاند کە پێشمەرگە چۆن لە پێناوی ڕزگاری و سەربەستی دا گیان ئەدەن و مەرگ ئەکڕن....

هۆ کاروانە غەریبەکە لەسەرخۆبە...

جەستەی زاماری ئەو خاکە خوێناوییە بۆ کوێ دەبەی....

ئەو سروودەقژ تەڕانە ڕەشپۆش مەکە

جەرگی شەپۆلی دڵپڕی ئەو ڕووبارە هەڵقرچاوە بە ئاگرو کوچکەوە مەدە....

هۆ کاروانە خەمینەکە....

لەسەر خۆ بە...

هەر تۆزقاڵێك لەو داوێنە هەڵتووتەکێ...

ئەم چیایە دیارییەکی پڕ لە ڕەمزی سەنگەرێکی تۆزلێنیشتووی هێناوە بۆ ئەم شەهیدە...

هەر تۆزقاڵێك سەبر گرە وەریدەگرین ئینجا ئەڕۆین...

هەر تۆزقاڵێك سەبر گرە با بزانین ئەو دەنگە خەمبارە کێیە پرسیار ئەکا...

لەم ئێوارە بریندارەی گەلاوێژ دا

ئەم کاروانە بەرەو ڕووگەی کامە هەوار بەڕێوەیە؟

ئەم هاوارە تۆزاوییە بۆ کوێ دەچێ؟

ئەم ڕووبارە کفن سوورە بۆچی دەگری؟

ئەم هەتاوە بۆچی سروودی تیرێژی کپ و ماتە؟

****

بەڵێ هاوڕێ شەهیدەکەم...

گوێم لە هاواری دڵۆپ دڵۆپ خوێنی سوورتە...

بۆخۆم ئایەت بە ئایەتی ئەم سی پارەی برینەتم لەبەر کردوو و بۆ منداڵانم خوێندەوە...

بەڵێ هاوڕێ شەهیدەکەم...

ئێستێ منداڵی نیشتمان سروودی خوێن دەڵێنەوەو هیوای سەوزت لە ڕووباری خۆری باوەڕ پاراو دەکەن...

خەمت نەبێ... هەموو ڕۆژێ لەگەڵ شەبەقی کازیوە سەنگەرەکەت پەڕ پەڕ چیرۆکی ئەو ڕۆژەت بۆ منداڵان دەڵێتەوەو ئەوان هەموویان لەبەرن...

خەمت نەبێ... سات بە ساتی ئەم ڕێگەیە ڕازو ڕەمزی سەرکەوتن و بەرخودان و پێگەیشتن بۆ ڕێبوارانی ڕێگەکەت دەڵێنەوە...

بنوو هاوڕێم ، ئارام بگرە...

خاك بە ئامێزی کراوەوە ئەمڕۆ هاتۆتە پێشوازیت، وردە کانیی چاوەکانی زاونەتەوە...

خەمت نەبێ...

ئەمڕۆ دایکان هەر لەگەڵ ڕۆژووکردنەوەی یەکەم جگەرگۆشەیاندا

عەشقی ئازادی و سەربەستی لەگەڵ شیریان تێکەڵ دەکەن...

کە تۆ بوویتە پرشنگی خۆر

ئێمە قەڵای شەو دەشکێنین...

سوێند بەو ئایەتی برینەت

ئۆقرە ناگرین

تا ئاواتت وەدی دێنین.......

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

No. 516 6 Aug 2009

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لەماڵاوایی

## سیرجانی، پێشەنگی لەقاودانی کاراکتێری خامەنەیی دیکتاتۆر

ع. وریا

پازدە ساڵ لەمەوبەر، لەبەرەبەری نەورۆزدا، دەستو پێوەندەکانی وەلیی فەقیە، عەلی ئەکبەر سەعیدیی سیرجانییان رفاندو لە سەرەتای سەرماوەزی ١٣٧٣دا، هەواڵی مەرگی ناوبراویان راگەیاند. سەعیدیی سیرجانی کە یەکێك لە بەتواناترین نووسەرانو لێکۆڵەرانی هاوچەرخی ئێران بوو، سەبارەت بە راستوێژیو رەخنەگرتن لە خامەنەیی کەوتە بەر رقی خامەنەییو بەرێوەبەرانی دەزگای جاسووسیو سەرکوتی کۆماری ئیسلامیو، لە زیندان دا گیانی لێ ئەستێندرا. سیرجانی بەرلەوەی بکەوێتە دەستی ئەشکەنجەگەران، لە نووسینێکی خۆی دا پێشبینیی ئەوەی کردبوو بگیرێو ناچاری بکەن بێتە سەر تەلەڤیزیۆنو، دان بە هەڵەو تاوانەکانی خۆی دا بنێ! "کوردستان" ئەو کات، بەشێك لە نێوەرۆکی نامەکانی سیرجانیی بڵاو کردەوەو رێزی لە هەڵوێستی بوێرانەی ئەم کەسایەتییە گرت.

ئێستا کە هەڵسوورێنەرانی داموەزگای جاسووسیو سەرکوت، جارێکی دیکە نەیارانی وەلیی فەقیە و بەرهەڵستکارانی دەسەڵاتدارانی کودیتاچییان، پاش ئازارو ئەشکەنجە، ناچار بە دانپێدانانو بڵاوکردنەوەیان لە تەلەڤیزیۆنی رێژیم کردوە، یادکردنەوەی سەعیدیی سیرجانیو وەبیرهێنانەوەی بەشێك لە نامە سەرئاوەڵاکەی بۆ خامەنەیی لە جێگای خۆی دایە.

بەرێز جەنابی خامەنەیی!

پەیامی پڕ لە لۆمەو هەرەشەی بەرێزتان بە هۆی ئاغای سابیرییەوە پێم گەیشتو بووە مایەی بەداخبوونم. نەك لەبەرئەوەی کەوتوومە بەر رقی ئەو مەقامە پایە بەرزەو، بە زوویی ئۆممەتی هەمیشە لە مەیدانی حیزبوڵلا، بە حیسێبی من دا رادەگا. چونکە مردن لە رێگای حەق دا، شەهادەتەو ئێمە شەهیدبوونمان لە خودا دەوێ. بەداخبوونم لەو بیرکردنەوە هەڵەیەی خۆمو لەو هومیدە پووچانەم لەبارەی دلفرەوانیی بەرێزتانو، ئەو چارەنووسەیە کە میللەتی ئێران لە دەورانی رێبەرایەتیی ئێوەدا، دەیبێ.

با راوێژی تێکەڵ بە سووکایەتیی پەیامەکەت کە بووە هۆی شەرمەندەبوونی نامەبەر، لەولا دابنێین کە لە هیچ موسوڵمانێکی داوێنپاك چاوەڕوان نەدەکرا، چ بگا بە رێبەری موسڵمانانی جیهان. سەر سوڕمانم لەوە بوو کە بەرێزتان بە پێی کام بەڵگەو نیشانە منتان بە مورتەد و بێبڕوا بە ئیسلام زانیوە؟ ئەگەر پشت ئەستوور بە نووسینەکانی من ئەوەت کردبوو، خۆزگە نموونەکەت دەست نیشان کردباو ئەگەر بە گوێرەی پەیامە غەیبییەکانو ئاگاداری لە ویژدانەکان بووە، ئەوە "اناللەو انا اللە راجعون". دەزانم لە حکوومەتێك دا کە خوالێخۆشبوو شەریعەتمەداری بەو مەقامە فوقاهەتییەوە، موهەندیس بازرگان بەو تەقوا دینیو سیاسییەوە، ئایەتوڵلا مونتەزیری بەو رابردووە خەباتگێڕانەیەوە، خانەنشینو تەریك دەکرێنەوەو دیقمەرگ دەبن، چارەنووسی کەسانێکی وەك من روونە. بەڵام لەبارەی کتێبە دەست بەسەرداگیراوەکانمەوە، بە راستی نازانم کام هێرش بۆ سەر ئیسلامو بناغەی حکوومەتی ئیسلامییان تێدایە. من زاتەن لە ریاو درۆ و جیاوازیدانانو ستەم بێزارمو ئەم بێزارییە لە نووسینەکانم دا رەنگیان داوەتەوە. ئەگەر خوای نەکردە ئەم جۆرە گەندەڵییانە لە دەزگای حکوومەت دا سەریان هەڵداوە، باشترە کە باسیان بکرێو چارەسەر بکرێن. مەسەلەی بنەرەتی لەم حکوومەتەی ئێستا دا ئەوەیە کە هەرچەشنە رەخنە گرتنێك لە دەسەلاتدارانو بەرپرسان، بە چاوی بردنە ژێر پرسیاری رێژیم و زەبر وەشاندن لە بناغەی ئیسلام، سەیری دەکرێ. من بروای قووڵم بەوشتانە هەیە کە لە کتێبە راگیر کراوو بە هەویر کراوەکانم دا نووسیومن و ئامادەم لە هەر مەحکەمەیەك دا وەلامدەریان بم. ئەگەر بەراستی دژی ئیسلام یا حکوومەتی ئیسلامین، بۆچی بەم شێوە نا ئەخلاقییانە رەفتارم لەگەڵ دەکەن، مەگەر مەملەکەت قانوونو مەحکەمەی نیە؟!

بەرێز جەنابی خامەنەیی! من زیاتر لە هەر موسوڵمانێکی دەمارگرژ، دژی سۆلتەو نفووزی بێگانەکان ـ چ شەرقیو چ غەربیو لە هەر شکڵو شێوەیەك ـ لە نیشتمانە خۆشەویستەکەم دام. زۆر لەوانەش کە ئیددیعای شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام دەکەن، زیاتر بڕوام بە ئیسلام هەیە. نە لە رابردوو دا سەر بە هیچ حیزبو دەستەو تاقمێك بووم، نە لەمەودوا دەبم. ئەگەر ئارەزووی پلەوپایەم هەبا ساڵی ٥٧ خێراو بەراشکاوی پێشنیاری وەرگرتنی پۆستی وەزارەتم رەت نەدەکردەوە. ئەگەر بەتەمای ماڵو سامان بوایەم مەجبوور نەدەبووم لەم ساڵانەی پیریو نووسین لێ قەدەغە کران دا ئەو ماڵەی تێیدا دەژیام کە تەنیا سامانی من لەم دنیا پانوبەرینەدا بوو، بفرۆشمو بەرێچوونی خۆمی پێ دابین بکەم. ئادەمیزادەم و ئازادەو، بەڵگەشم هەر ئەم نامەیە کە بە واتای لە خۆگرتنی مەرگو خواردنەوەی جامی شەوکەرانە. با نەوەکانی داهاتوو بزانن لە نیشتمانی بەڵا لێدراوی ئێرانیش دا، کەسانێك هەبوون کە دلێرانە لە گیانی خۆیان خۆش بوونو مەردانە بە پێشوازی مەرگەوە چوون.

لەگەڵ رێزم دا: سەعیدیی سیرجانی

## صدای عدالت ...دانستن حق مردم است

وێبلاگنووس

### گۆشەیەك بۆ ناساندنی وێبلاگە کوردییەکان

وێبلاگی " صدای عدالت "، وێبلاگێکە کە لە لایەن چالاك و رۆژنامەنووس، داود ئازادفەرەوە بەرێوە دەچێ و تەرخانە بۆ هەواڵ و رووداوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران.

ئازادفەر: دەمەوێ بە قەدەر بەربەرینی و توانایی قەڵەم باس لە دادپەروەری و مافی خەڵك بەکەم. دەردە هاوبەشەکانی مرۆڤایەتیتان بە هاودەنگی لەگەڵ بڵێمەوە. بۆ بەرز راگرتنی مرۆڤایەتی، ئازادی، دادپەروەری گەشەی ئێران و کوردستانی خۆشەویست و بێبەش دەنووسم. تێدەکۆشم و ناسرەوم..." بابەتەکانی وەك. "تیمی ٥نفرە لیست دستگیر شدەهای مهاباد را تهیەو تنظیم میکنند. بازداشت روزنامەنگارو فعال سیاسی کرد. آنارشیسم موجود در رسانەهای احزاب سیاسی کردستان. زیر پوست دمکراسی و انسانیت و شفافیت برای کردستان" دەبنیرێن.

نوێترین بابەتی ئەم وێبلاگە لە ژێر ناوی " ااحمدینژاد ٤ وزیر خود از جمله وزیر اطلاعات را بدون توضیح برکنار کرد" راپۆرتێکە لە سەر وەلانانی جوار وەزیری کابینەی ئەحمەدی نژادو وردەکارییەکانی چۆنییەتی ئەم ئاڵوگۆڕو کەڵینەی کە کەو تۆتە نێوان تاقمی کودتیاچی. پێویستە بوتری وێبلاگنووس پێشتر ئەم وێبلاگەی لە لایەن دامەزراوە ئەمنییەتییەکانەوە لێ فیلتیر کراوە و خۆشی لە سەر کارو چالاکیی مەدەنی و ماقی مرۆڤ لە وڵات راو نراوە. خوێنەرانی بەرێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سەردانی ئەم ناونیشانە ئینتێرنێتییە بگەن.

/http://sadayhadalat.blogfa.com

## بە بۆنەی کۆچی دوایی کامبیز روستاوە



دوکتور کامبیز روستا، تێکۆشەری دێرین و ناسراوی بزووتنەوەی چەپی ئێران، رێکەوتی ٢٥ی ژوئیەی ٢٠٠٩ لە نەخۆشخانەیەکی شاری بێرلین کۆچی دوایی کرد.

کامبیز روستا لە دەیەی ٧٠ی زایینی دا یەکێك لە رێبەرانی ناسراوی کونفدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانیی دەرەوەی وڵات بووو، وەك کەسایەتییەك لە بەشی رۆژهەڵاتی نێوەراست "جبهە ملی ایران"یش دا، رۆڵێکی گرنگی لە بنیاتنانی رێکخراوە سوسیالیستیەیە نوێیەکان دا هەبوو. دوای سەرکەوتنی شۆرشی ١٩٧٩، گەڕایەوە وڵات و شانبەشانی وانە وتنەوە لە زانستگەو، بڵاو کراوەی "نافرمان"ی بۆ پەرەپێدانی بیری سوسیالیستی، دەرکرد. بە دوای هێرشی رێژیمی ئیسلامی بۆ سەر حیزب و رێکخراوە چەپ و ئازادیخوازەکان، بە ناچاری ئێرانی جێ هێشت. دوکتور کامبیز روستا شانبەشانی کاری رێکخراوەیی و بە کردەوە، بە نووسین و وەرگێڕانیش لە پەرەپێدان و بردنە پێشی بیری سوسیالیستی و دادپەروەرانە درێغی نەکرد.

دوکتور کامبیز روستا، یەکێك لە دوستانی خوشەویستی حیزبی دێموکراتی کوردستان و رێبەرانی شەهیدمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی بوو. پەیامەکانی ئەو کەسایەتییە بۆ کونگرە و بۆنە جۆراوجۆرەکانی حیزب لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا، ئۆگریی ئەم مرۆڤە خەباتکارە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان، دەگەیەنن.

بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو کەسایەتییە تێکۆشەرە، سەرە خۆشی لە بنەماڵەو سەرجەم دۆستان و ئۆگرانی دەکەین و خۆمان بە هاوخەمیان دەزانین.

## با "سێوی مێخەک رێژ" بکرێتە جەژنێکی نەتەوەیی

هونەرمەندی شێوەکاری رۆژهەڵاتی کوردستان، سەیوان سەعیدیان کە لە ساڵی ٢٠٠٦وە پرۆژەی "سێوی مێخەك رێژ"ی لە شارەکانی کوردستان ئەنجام داوە، داوا لە دەوڵەمەندەکانی کوردستان دەکا بە پشتگیری دارایی ئەمساڵ ئەم پرۆژەیە بکەنە جەژنێکی نەتەوەیی.

سەعیدیان لە وتووێژێکدا لەگەڵ ماڵپەری پەیامنێر دەڵێ:"بۆ بە نەتەوەیی کردنی ئەم پرۆژەیە ئەم ساڵ لە رۆژی ڤالانتایندا لە سەرجەم شارەکانی کوردستاندا ئامادەکاری بۆ دەکرێ. ناوبراو هەروەها دەڵێ: لەم رۆژەدا لە هەر یەك لە شارو شارۆچکەکاندا، پێشانگەیەکی فۆتۆگرافی دەکرێتەوە کە چەند وێنەیەکی خۆشەویستی لە خۆ دەگرێ و فیلمێکیش لەسەر پرۆژەکە لە دەرهێنانی حەمید قەوامی پێشان دەدرێ.

خوێنەران دەتوانن بۆ پاڵپشتی کردنی ئەم پرۆژەیە پێوەندی بەم ئیمیلەوە بکەن:
Sewan_s@yahoo.com

## کۆمەڵێک دەرهێنەری ئێران بە نامەیەک نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بە رووداوەکانی ئەم دواییانە دەردەبڕن.

کۆمەڵێك دەرهێنەرو سینەماکاری ئێرانی لە نامەیەكدا روو بە نوێنەرانی مەجلیسی ئێران نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بە رووداوەکانی ئەم دواییانەی ئێران دەردەبڕن و داوا دەکەن یاسای بنەڕەتی جێبەجێ بکرێ و وەڵامی ئەو خەڵکە ناڕازییە بدەنەوەو بێ هەڵوێست نەبن.

لە بەشێك لەم نامەیەدا کە واژۆی ١٢ دەرهێنەری ئێرانی پێوە دیارە هاتووە:"ئێمە فیلم سازان کارمان وێنە گرتنەو بە پێی پیشەکەمان چاوو گوێی خەڵکەکەمانین تا پێشاندەرو گێڕەوەی کەماڵی مرۆڤایەتیی بین. هەروەها لەم نامەیەدا داواکاران پێ لەسەر بەندەکانی بیست و سێ" قەدەغەبوونی پشکنینی بیروڕا، بیست و چوار" ئازاری راگەیاندن"، سی و هەشت "قەدەغەبوونی ئەشکەنجە بۆ دان پێدانان".. دا دەگرن.

## ٤٥ براوەی خەڵاتی نۆبێل پشتیوانیی خۆیان لە دژبەرانی رێژیمی ئێران دەردەبڕن



رۆژی ١٢ی گەلاوێژ ٤٥ کەس لە براوەکانی خەڵاتی نۆبێل لە نامەیەکی سەرئاوالأدا کە رۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز بڵاوی کردەوە، پشتگیریی خۆیان بۆ خەڵکی ناڕازیی سەر شەقامەکانی ئێران دەربڕیوە کە واژۆی هێندێك کەسی وەك "ئیلی ویزێل" رزگاربووی کارەساتی هۆلۆکاست، دیرموند توتو، جودی بتی ویلیامزو.. دەبینرێ.

ئەو کەسایەتییانە لە نامەکەیاندا دەڵێن: وا مەزانن ئێوە لە بیر کراون، ورەتان بەرز بێ و هیوا بڕاو مەبن چونکی دنیا دەزانێ کە مانەوەی ماددی و مەعنەویی جیهان پێوەندیی بە مانەوەی ئێوەوە هەیە.

